المجلد (8) – العدد (2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

# خەسڵەتەکانی فرەیی ڕامیاری لە تێکۆشانی چەکداری بزاوتی ڕزگاریخوازی کوردی لە(١٩٦٠-١٩٩٠)

محمد صابر كريم[1]، عثمان سعيد كريم[2]

[1,2] کۆلێژی زانستە ڕامیارییەکان ، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، عێراق

Email: muhamad.karim@univsul.edu.iq[1], othmanssawjy@gmail.com[2]

**پوختە:**

پرسی سەربەخۆیی ڕامیاری لەجەوهەردا سەرەکیترین وزیندوترین پرسی بزاوتی ڕامیاری کوردیە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پرسە لەبەرنامەی هێز وپارتە ڕامیاریە کوردیەکاندا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ولاوەکیانە بەدیدەکرێت یان هەر ئاماژەی پێنەدراوە، ئەوەش خۆی لەخۆیدا یەکێک لەکێشە سەرەکیەکانی بزاوتی ڕامیاری هاوچەرخی کوردی پێکدەهێنێت لەپەیوەند بەم ئامانجە جەوهەری وسەرەکیەوە، بەتایبەتیش لەو ماوەیەی دوای جەنگی جیهانی دووەم کە تیایدا دیاردەی فرەیی ڕامیاری بووەتە یەکێک لەخەسڵەتە سەرەکیەکانی ئەم بزاوتە، ئەوە بەزانینی ئەوەی کە لەسەرەتای ئەم قۆناغەدا( ماوەیەی دوای جەنگی جیهانی دووەم) تەنها پارتی دیموکراتی کوردستان بوونی هەبووە و دواتر پارت و هێزی ڕامیاری تر دروست بوون، ناکۆکیەکانی نێو خودی پارتیش بە یەکێک لەسەرچاوە سەرەکیەکانی دروست بوونی ئەو پارت و هێزانە دادەنرێت. بەمشێوەیە بزاوتی ڕامیاری کوردی لەم بەشەی کوردستان و لەو قۆناغە دیاریکراوەدا سروشتێکی تەواو جیاوازی هەبووە لەچاو قۆناغەکانی پێشوودا، چونکە ئەو فرەییە ڕامیاریە بووەتە هۆی ئەوەی کە پارتە ڕامیاریەکان زۆرترین توانای خۆیان بۆ ملامڵانێیی یەکتری تەرخان بکەن لەجیاتی تێکۆشان بۆ بەدەستهێنانی مافەنەتەوەییەکانی گەلی کورد بەگشتی و سەربەخۆیی ڕامیاری بەتایبەتی، بەواتایەکی تر گواستنەوە لەقۆناغی تاک پارتی بۆ دوانەیی یان فرە پارتایەتی ئەوەندەی زیانی بە دۆزی کوردو دواخستنی بەدەستهێنانی ئامانجەکانی گەیاندوە، ئەوەندە نەیتوانیوە ببێتە هۆکارێک بۆڕێکخستنی چین و توێژە جیاوازەکان و ئاراستەکردنیان بۆ ڕزگاری نیشتمانی.

**کلیلەوشە:** فرەیی ڕامیاری، سەربەخۆخوازی، دیموکراتیەت وبزاوتی ڕزگاریخوازی، سروشتی فرەییانەی بزاوتی کوردی، بنەڕەتی ململانێکانی بزاوتی کوردی هاوچەرخ، فرەیی وپەرەسەندنەکانی بزاوتی کوردی هاوچەرخ.

**الملخص:**

بالرغم من أن قضية الإستقلال السياسي في الجوهر تشكل القضية الرئيسة والحيوية للحركة السياسية الكوردية، لكن و مع ذلك فإن هذه القضية تتراءى في برنامج الاحزاب والقوى السياسية الكوردية بشكل غير مباشر وهامشي، أو إنّها لم تتم الإشارة إليها في الأساس ، وهذا بحد ذاتها،وفي الإرتباط بتلك الهدف الرئيسي والجوهري، تشكل أحد المعضلات الرئيسة للحركة السياسية الكوردية المعاصرة، ولاسيما في تلك الفترة من بعد الحرب العالمية الثانية والتي أصبحت فيها ظاهرة التعددية السياسية أحد الخصائص الرئيسة لهذه الحركة، ذلك مع العلم بأنه وفي بداية تلكم المرحلة(فترة مابعد الحرب العالمية الثانية) كانت هناك فقط الحزب الديمقراطي الكوردستاني في ساحة الحركة الكوردية، ومن ثم تكونت الاحزاب والقوى السياسية الأخرى، وقد كانت التناقضات القائمة في داخل هذا الحزب تعد أحد المصادر الرئيسة لتكوين وتأسيس تلكم الاحزاب والقوى السياسية. عليه فقد كان للحركة السياسية الكوردية،في هذا الجزء من كوردستان وفي تلك المرحلة المحددة، طابع وطبيعة تختلف تماما عما كانت لديها في مراحلها السابقة، وقد كان ذلك لأن ترجع إل أن التعددية السياسية السائدة قد أدت إلى أن توظف الاحزاب الكوردية أكثر طاقاتهم للصراع الدائر فيمابينهم، بدل من توظيفها للنضال من أجل تحقيق الحقوق القومية للشعب الكوردي بشكل عام، والإستقلال السياسي بشكل خاص، بعبارة أخرى فإنه بقدر ما كانت الإنتقال من مرحلة الواحدية الحزبية إلى الثنائية الحزبية أو التعددية الحزبية، قد أضرت بالقضية الكوردية و تأخير الحصول على أهدافها، فإنها بقدر ذلك لم تتمكن من أن تكون عاملاً لتنظيم الطبقات والفئات المختلفة ومن ثم توجيههم نحو التحرر الوطني.

**الكلمات المفتاحية:** التعددية السياسية، الاستقلالية، الديمقراطية والحركة التحررية، طبيعة التعددية في الحركة الكوردية، اصول الصراعات في الحركة الكوردية المعاصرة، التعددية وتطورات الحركة الكوردية المعاصرة.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.9
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (8) – العدد(2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

**Abstract:**

Political independence stands as one of the main and vital issues in the Kurdish political movement. We have seen that this issue has been raised in discourse surrounding different Kurdish parties and political forces. Dealing with this essential problem is one of the main goals in the contemporary Kurdish political arena. Particularly since the end of the Second World War, wherein political pluralism became one of the elemental characteristics in the Kurdish political movement. Directly after the second World War there was only the Kurdistan Democratic Party (KDP). New parties and political forces were born from the conflict and contradictions that arose from the KDP. In this way the KDP was an opening for exploration within the Kurdish question. New political ideas were formed and explored in the form of new political parties. Thus, the Kurdish political movement in southern Kurdistan in the aforementioned time period has a distinguished nature in comparison to the previous ages.

In essence, political pluralism has allowed political parties and forces the possibility to employ a greater capacity in their conflicts. However, this momentum struggled to achieve Kurdish national rights generally, along with substantial political independence. In other words, the transition from the political party age to party plurality has inflated the Kurdish issue. Moreover, it failed in being an efficient or effective instrument to organize Kurdish classes and variety groups towards national liberty. It has arguably created divisions and chasms that struggle to align due to conflicting interests.

**Key words:** The political plurality, the Independency, the democracy and liberty, the plurality nature of Kurdish movement, the roots of conflicts in the cntemporary Kurdish movement, the plurality and the contemporary Kurdish movement.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.9
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلة العلمية لجامعة جيـهان – الســليمانية
المجلد (8) – العدد (2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)
ص:160-181

**پێشەکی**

دیاردەی پارتایەتی یەکێکە لەدیاردە ڕامیاریە گرنگەکانی باشووری کوردستان کەلەماوەی یەکەمی قۆناغی نوێی بزاوتی ڕامیاری ئەم بەشەدا هاتۆتەدەرکەوتن، ئەم دامەزراوە ڕامیاریە نوێیە تاهاتوە ڕۆڵی سەرەکی وبنچینەیی دیتوە لەسەرکردایەتیکردنی بزاوتی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستاندا.

دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق وەک دەوڵەتێک کە بەبێ خواستی زۆربەی پێکهاتەکانی لەلایەن دەوڵەتی بەریتانیاوە بەگوێرەی بەرژەوەندیەکانی خۆی لەدوای کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانی یەکەمەوە بریاری لێدراوە بەشێک لەخاکی کوردستان خراوەتە ناو چوارچێوەی ئەم دەوڵەتەوە، کوردانی ئەم بەشە هەر لەسەرەتاوە دژی ئەو پرۆسەی بەیەکەوە لکاندنە زۆرەملێیە هەڵوێستیان وەرگرتوە، بەمشێوەیە قۆناغی نوێی بزاڤی ڕامیاری کوردی هاتوتە ئاراوە کە لەپاڵ سەرکردایەتی کلاسیکدا کۆمەڵەو پارتی ڕامیاری دروستبوون و ڕۆڵی گرنگی خۆیان بینیوە لەتێکۆشان بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی بزاوتەکەدا.

لەماوەی نێوان دوو جەنگە جیهانیەکەدا چەندین کۆمەڵە وپارتی ڕامیاری لەکۆمەڵگەی کوردی باشووری کوردستاندا دامەزراون کەزۆرێکیان لە بنەرەتی خۆیاندا بروایان بەداوا وخواستی سەربەخۆیی هەبوە، بەڵام بۆ گەیشتن بەو ئامانجە فۆرم و پارادایمی تریان خستوەتە بەردەم و کردویانن بە دروشمی خۆیان. ئەوەش لەمیانەی فۆرم وپارادیمی جیاجیاوە گوزارشت ودەربڕینیان لێکردوە کەگرنگترینیان مافی چارەی خۆنوسین وئۆتۆنۆمی و ئۆتۆنۆمی ڕاستەقینە بووە.

ئەو پەرەسەندن و گۆڕانکاریانەی لەبزاوتی ڕامیاری کوردیدا لەماوەی نێوان هەردوو جەنگەکەو لە لەماوەکانی قۆناغی دواتردا هاتنەکایە بوون بە هۆکارێکی ئەرێنی بەهێز بۆ زیاتر بوژاندنەوەی هەستی نەتەوایەتی ودید وهزری ڕزگاریخوازییانە لەکۆمەڵگەی کوردی ئەم قۆناغە وبزاوتە ڕامیاریەکەیدا، بەجۆرێک پارتی ڕامیاری سەربەخۆخوازیانە بەشێوەی ڕاستەوخۆ هاتۆتەدروستبوون ودامەزراندنەوە کەلێرەدا دەکرێت ئاماژە بە(کۆمەڵەی ئازادی وژیانەوە ویەکێتی کورد/کاژیک) بدرێت. بەمشێوەیە ئەم ڕەوت وئاراستە سەربەخۆییە ڕامیاریە تاهاتوە پیادە و ڕەگداکوتراو بوە لەناو بزاوتی ڕامیاری کوردی ئەمبەشەی کوردستاندا، بەتایبەتیش لەدەهەی(١٩٧٠)کاندا کە(پارتی سۆشیالیستی کورد/پاسوک)هاتۆتەدامەزراندن ودەرکەوتنەوە و گوزارشتێکی ڕوون و ئاشکرای ئەو ئاراستەخوازیەیە....هتد.

دیاردەی فرەیی ڕامیاری لەبزاوتی کوردیدا ئەوماوەیەی قۆناغی هاوچەرخی ئەم بزاوتەدا زیاتر لەفرە پارتایەتیدا دەرکەوتووە. دروستبونی پارتە ڕامیاریەکان ئەگەرچی لە ڕوکەشدا وەک پەرەسەندنێک بوو لە بزاوتی کوردیدا بەڵام نەیتوانی خۆی لەو پەتا کوشندەیە دەربازبکات کە لە ڕابردوودا گیرۆدەی ببوو. لەبەر ئەوەی ئەو پارتە ڕامیاریانە بەکرداری ئامادەیی ئەوەیان تیادا نەبووە کاری هاوبەش و تێکۆشانێکی یەکگرتوو بۆ بەدەستهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکان بەرێوەبەرن، لەجیاتی ئەوە بەچەندین شێوازی جیاواز هەوڵی سڕینەوەی یەکتریانداوە هەر لە ململانێی ڕامیاری و جەنگی ڕاگەیاندنەوە تا دەگاتە پێکدادانی چەکداری.

**گرنگی توێژینەوەکە**: بایەخی ئەم توێژینەوەیە خۆی لەوەدا ئەبینێتەوە کە شیکاری بۆ پەیوەندی نێوان دیاردەی فرەیی ڕامیاری و بزاوتی ڕامیاری هاوچەرخی کورد ئەکات لەماوەی یەکەمی ئەم قۆناغەدا *، کە ڕۆڵی نەرێنی بینیوە لە وەدینەهاتنی سەربەخۆیی ڕامیاری لە باشوری کوردستان. بەهەمان شێوە شیکاری بۆپاڵنەرەکان و ئاستەنگەکان و ئەو ڕێگەو شێوازانەش دەکات کە کورد بۆ سەربەخۆیی گرتویەتیەبەر.

**گرفتی توێژینەوە**: لەگەڵ دەرکەوتنی دیاردەی فرەیی ڕامیاری لەژیانی ڕامیاری کۆمەڵگەی کوردی لەباشووری کوردستاندا سەرەکیترین و گرنگترین پرسی بزاوتی ڕامیاری کوردی کەخواستی سەربەخۆیی ڕامیاریە بەرەورووی گەورەترین ئالینگاریەکانی بۆتەوە. ئەم توێژینەوە بەشوێن وەڵامی چەند پرسیارێکی بنچینەیی و سەرەکیدا دەگەڕێت، کە پرسیاری سەرەکی بریتیە لەوەی خەسڵەتە دیارەکانی فرەیی ڕامیاری لەبزاوتی کوردیدا چین؟ ئایا فرەیی ڕامیاری یەکێک لەهۆکارە سەرەکییەکانی پاشەکشە ولاوازبوونی خواستی سەربەخۆیی ڕامیاری کوردان پێکدەهێنێت، لەگرنگترین ماوەی بزاوتە ڕامیاریەکەیدا کەسێ دەهەی پێش بەرپابوونی ڕاپەرینی(١٩٩١)ە؟.لەپەیوەند بەو پرسیارەشدا ئەم توێژینەوەیە بەدوای وەڵامی ئەم پرسیارانەشدا ئەگەرێت:

*. مەبەست لە قۆناغی هاوچەرخی بزاوتی ڕامیاری کوردیە.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.9
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

١- ئایا دەرکەوتنی پارت وهێزە رامیاریەکان لەقۆناغی نوێ وهاوچەرخی ژیانی رامیاری کوردیدا چ کاریەگەریەکیان لەسەر بزاوتە رامیاریەکەی بەگشتی وخواستی سەربەخۆیی رامیاری داناوە ؟
٢- ئایا دیاردەی فرەیی رامیاری وەک وەڵامێک بۆ خواست ودروشمی سەربەخۆیی رامیاری هاتۆتەدەرکەوتنەوە یان وەک وەڵامێک بەپێویستی دیموکراتی بوونی ئەو بزاوتە ؟

**گریمانەی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەدا گریمانەی ئەوە کراوە کە سەرەڕای هەبوونی خواستێکی زۆر بۆ سەربەخۆیی لە باشوری کوردستاندا، بەڵام لەکۆتایی دەهەی(١٩٥٠) وسەرەتای دەهەی(١٩٦٠)کاندا، ئەوەندەی لیکترازان و دروست بوونی پارتی نوی رامیاری لەبزاوتی کوردیدا وەک خەسڵەتێکی دیموکراسی لە فرەیی رامیاریدا گوزارشت لە خۆی ئەکات ئەوەندە لە پێناوی سەربەخۆیی رامیاریدا نەبووە. نەک هەر ئەوە بەڵکو دیاردەی فرەیی رامیاری و پارتایەتی زیانی زۆری لە هەوڵەکانی گەیشتن بەسەربەخۆیی داوە .

**میتۆدی توێژینەوەکە:** لەم توێژینەوەدا پەیرەوی لە چەند میتودێک کراوە بۆ گەیشتن بەئامانجی سەرەکی توێژینەوەکە لەوانە میتۆدی مێژوویی بۆ دەست نیشانکردنی ریشەی بیری سەربەخۆیی، هەروەها هەریەک لە میتۆدەکانی شیکاری سیستەمی بۆ زانینی سروشتی یەکەو دەزگا سەرەکیەکانی بزاوتی رامیاری کوردی، و میتۆدی فەرمانخوازی(وظيفي) بۆ ئاشنا بوون بە ئەرک و فەرمانە سەرەکیەکانی ئەو یەکەو دەزگایانە.

**سنوری توێژینەوەکە:** سنوەری کاتی توێژینەوەکە بریتیە لە ماوەی نێوان ساڵەکانی ١٩٦٠-١٩٩٠، سنوری شوێنی بریتیە لە باشوری کوردستان.

**پەیکەری توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەشکراوە، بەجۆرێک کە لەبەشی یەکەمدا ئاخاوتن لە لایەنی تیۆری چەمکەکانی فرەیی رامیاری و خواستی سەربەخۆخوازی دەکرێت و، لەبەشی دووەمیشدا کە ناونیشانی ماوەی فرەیی رامیاری و کاریگەریەکانی لەسەر بزاوتی کوردی هەڵگرتووە، ئاخاوتن لەسروشتی فرەیی رامیاری لە ماوەی بزاوتی چەکداری کوردی و پەرەسەندنەکانی بزاوتی کوردی لەماوەی یەکەمی فرەیی رامیاریدا دەکرێت

## بەشی یەکەم/ چوارچێوەی تیۆری

زۆربەی ئەو چەمکانەی لە زانستی رامیاریدا بەکاردێن بەگوێرەی کات و شوێنی بەکارهێنانیان ماناو مەبەستی جیاوازیان هەیە، لەبەر ئەوە تەرخانکردنی بەشێک بۆ چوارچێوەی تیۆری لەسەر ئەوچەمکانە بووە بە پێویستیەکی ئەو توێژینەوانەی لەو بوارانەدا ئەنجام دەدرێن. چەمکەکانی فرەیی رامیاری و خواستی سەربەخۆخوازیش کە دوو گۆڕاوی سەرەکی ناونیشانی ئەم توێژینەوەیەن، هەریەکیان پێویستیان بەوەیە کە لەرووی تیۆریەوە شیکاریی بکرێن تاوەکو واتاو مەبەستی توێژینەوەکە لەلایەنی چەمکیەوە رونبکەنەوەو هاوکاری تەواو بکەن لەدانانی بنەمایەکی تیۆری بۆ گەیشتن بە وەدیهاتنی گریمانەی توێژینەوەکە.

### توێژینچەی یەکەم/ چەمکی فرەیی رامیاری

لەوکاتەی کە دیاردەی فرەیی بەگشتی دیاردەیەکی سروشتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیە، ئەوا فرەیی رامیاریش لەسەر بنەمای ئەو جۆراوجۆریە لە ژیانی کۆمەڵایەتی و رامیاریدا هاتۆتە ئاراوە. لێرەوەیە کە فرەیی رامیاری بووە بەدیاردەیەکی باو لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکانداو خەسڵەتێکی سەرەکیان پێکدەهێنێت، لەسەرئەوەو لەبەر ئەو گرنگیەی کە ئەم دیاردەیە لە ژیانی رامیاری هاوچەرخدا هەیەتی، توێژینەوە لەلایەنی چەمکیانەی بە پێویست دەزانرێت.

چەمکی فرەیی یەکێکە لەوچەمکانەی کە لەناو هزری رامیاری خۆرئاواییی هاوچەرخدا دەرکەوتووە، ئەوەش دوای گەشەسەندنێکی مێژوویی سەخت ودژوار و رووداوگەلێکی گەورە کە دواترسەریانکێشا بۆ گۆڕانکاریگەلێکی ریشەیی لە شارستانیەتی خۆرئاواییدا، لە تێڕوانینیان بۆ ئاین و مرۆڤ و فەلەک و ژیان. هەروەها کۆمەڵێک پرەنسیپ و بەهای نوێی لەگەڵ خۆیدا هێناوە، چەمکی فرەیی پەیوەندی هەیە بە چەندین بیرۆکەو فەلسەفە وتێۆریای بەناویەکدا چوو تەنانەت دژ بەیەکیش.[1]

[1] . یوسف بن محمد بن احمد القحطاني، التعددية العقائدية و موقف الاسلام منها، رياض،٢٠١٠، ص١٤.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.9

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

لەڕووی زمانەوانیەوە، بنەڕەتی چەمکی فرەیی لەزمانی عەرەبیدا لە "ژماردن یان ئامارەوە وەرگیراوە"[2]. بەڵام لەڕووی چەمکیەوە، ئەوا "فەرهەنگی چەمکە رامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان لەسەر بنەمای گریمانەی ڕێکخستن، فرەیی پێناسە دەکات بەگوێرەی ڕێسای یەکتر قبوڵ کردن سەرەڕای هەبوون جیاوازی و هەمە چەشنەیی بە هەموو جۆرەکانیەوە لە کۆمەڵگەدا، بەواتای ئەوەی ژیانی کۆمەڵگە ڕێکبخرێت لەسەر ڕێسای هاوبەش، لەگەڵ ئەوەشدا ڕێز لە ئاراستە جیاوازەکان بگیرێت کە کۆمەڵگە بەسەریاندا دابەش بووە"[3] . هەروەها هەریەک لە جۆن س .درایزیک و باتریک دنفلی شرۆڤەی فرەیی"pluralism"یان کردووە "لەسەر بنەمای کۆمەڵە مەرجێک کە بەدەستهاتنیان مەحاڵە تەنها لەسایەی دیموکراسیەکی لیبرالیدا نەبێت. بۆ نمونە فرەیی لەشێوازی ژیان، فرەیی لە شێوازی زانین، فرەیی لە ناوەندی دەسەڵات، کە پابەندبن بەکێبڕکێیەکی میانڕەوانە"[4].

بەپێی فەرهەنگی وێبستەر(wibstter dictionary ) فرەیی بەواتای هەبوونی زیاد لەدانەیەک دێت، هەروەها فرەیی بەواتای هەمەچەشنیش دێت[5]. بەڵام فەرهەنگی (ئۆکسفۆرد) پێیوایە کە فرەیی بەواتای "هەبوونی ژمارەیەکی زۆر گروپی جیاواز لەخەڵک لەیەک کۆمەڵگەدا، واتە ئەو خەڵکانە لە ڕووی ڕەگەزو ئاین و بیروباوەڕ و رامیاریەوە جیاوازن لەیەکتر. فرەیی ئەوکاتە بەتەواوی دەچەسپێت کە هەموان بڕوایان بەوە هەبێت کە شیاوە و تەنانەت شتێکی باشیشە کە گروپی جیاواز لەخەڵک پێکەوە بژین بەئاشتی لەناو یەک کۆمەڵگەدا"[6].

فرەیی (pluralism) لە سادەترین پێناسەیدا بریتیە لە "بڕوابوون بەهەبوونی شتی هەمەچەشن، ئەمەش فەلسەفەی داکۆکی کردنە لە فرەیی لە بیروباوەڕ ودامەزراوەکاندا، کە ئەوەش پێچەوانەی تاکگەرایی (individualism)". سەرەڕای ئەوەی کە چەمکی فرەیی چەمکێکی فراوان وناڕوون و لاستیکیە، بەڵام دەکرێت بووترێت کە "فرەیی لە هێزە کاراکاندا خەسڵەتی کۆمەڵگە هاوچەرخەکانە. دیاردەی فرەیی لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا بەدوو شێوەیە"؛ج [7]

1. شێوەی یەکەم بریتیە لە کلاسیک و بۆماوەیی کە خۆی لە شێوە ئاینی و ئاینزایی و ڕەگەزی و زمانی وبنەڕەتە کۆمەڵایەتی وخێڵەکیەکاندا دەبینێتەوە.
2. شێوەی دووەم بریتیە لە فرەیی لە ئەندێشە(فکر)ی وچینایەتی فرەلایەنی.

لەوێوەکە دیاردەی فرەیی یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی کۆمەڵگەکان، بۆیە دەکرێت بوترێت "هەر کۆمەڵگەیەکی مرۆیی خاوەنی چەندین جۆر فرەییە کە بەشێوەیەکی ڕێژەیی هەبونیانی قبوڵکردوە، ئەوەش بواری بۆ هێز وئایدۆلۆژیا رامیاری وئابوری وکۆمەڵایەتی وئاینیەکان ڕەخساندووە تاوەکو بە جۆرێک لە جۆرەکان ڕۆڵ بگێرن". لە دیدی فەلسەفەی رامیاریەوە چەمکی فرەیی پێچەوانەی چەمکە سەرەتاییەکانە کە هەوڵدەدات بەرجەستەی یەکگرتوویی پەیکەری کۆمەڵایەتی ورامیاری لە ویست(ئیرادە)ی گشتیدا بکات. لە دیدی سیستمی رامیاریەوە فرەیی رامیاری لە سێ ئاستدا دەردەکەوێت[8].

1. فرەیی ئایدۆلۆژی: ئازادی ڕادەربڕین و گوزارشتکردن و نەسەپاندنی ئایدۆلۆژیایەک وەک بیروباوەڕی فەرمی.
2. فرەیی لە دەزگاکاندا: کە خۆی لە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان و هاوسەنگی لەنێوانیاندا دەبینێتەوە.
3. فرەیی رامیاری: بریتیە لە هەبوونی زۆرینەو ئۆپۆزیسیۆن و ڕەتکردنەوەی پرەنسیپی تاکایەتی لە پارت و هێزی رامیاریدا.

فرەیی یەکێکە لەو چەمکانەی کە لەزۆر بواردا دێتە بەکارهێنان، ئاین، رامیاری، کلتووری و کۆمەڵایەتی. لەبەرئەوە تا ئێستا پێناسەیەکی ڕوون و دیاریکراوی نیە کە جێگەی ڕەزامەندی هەموان بێت، بەڵکو بەمانای جیاواز لێکدەدرێتەوە. تەنانەت لەپێناسەیەکدا هاتووە کە " فرەیی بەخودی چەمکەکە دەناسێنێت و دەڵێت فرەیی بەواتای فرەیی. فرەیی گرێدراوی تۆڕێک لە چەمکە

---

[2] . نورة كطاف هيدان، الديموقراطية والتعددية السياسية، مجلة جامعة الانبار، للعلوم القانونية والسياسية، العدد التاسع-المجلد الاول-السنة (٢٠١٨)،ص٢٠٢.
[3] . المصدر نفسه.
[4] . نقلا عن د. عابد خالد رسول، أثر التعددية المجتمعية في ابنية النظام السياسي وظائفه ، مجلة الدراسات السياسية والامنية ، المجلد الرابع ،العدد السابع، حزيران ٢٠٢١،ص٥٣.
[5] . Charles P.Chadsey And Hrold Wentworth, The Grosset Webster Dictionary, Publisher By Grosset And Dunlap , New York,1979,P .443.
[6] . A S Hornby, Oxford Advanced Learner S Dictionary Of Current English, Oxford University Press, Six Edition, 2005, P.971.
[7] .د.رعد صالح الآلوسی، التعددية السياسية في العالم الجنوب، دار المجدلاوي للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٦، ص٣٧.
[8] . د.احمد سعيفان، قاموس المصطلحات السياسية والدستورية والدولية عربي-انجليزي- فرنسي، مكتبة لبنان ناشرون، بيروت، ٢٠٠٤، ص٩٥وص٩٦ .

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.9
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ص:160-181
المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (8) – العدد(2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

هزری و فەلسەفیە خۆرئاواییەکانی وەک( ئازادی، عەلمانیەت، دیموکراسی، لیبرالی، مافی مرۆڤ، مافی کەمینە، پێکەوە ژیانی ئاشتیانە، لێبوردەیی، کۆمەڵی مەدەنی ، دەستاو دەستی دەسەڵات و بەشداری ڕامیاری....هتدە). کەواتە فرەیی بریتیە لە وێناکردن( التصورات) و پەیرەوێکی ڕۆژئاوایی هاوچەرخ و لێکدانەوەو ڕێکخستنی کێشەی هەمەجۆری و پێکدژی ناو کۆمەڵگەی مرۆیی".[9] سەبارەت بەوپرسەش (روجی لابلاند) وای بۆ دەچێت کە "فرەیی بەشێوەیەکی گشتی پەیوەستە بەتاک وبەکۆمەڵێشەوە، بەواتای ئەوەی ئەشێ فرەیی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا هەبێت یان ڕەنگە ئەو فرەییە لە کۆمەڵگەیەکی تردا فرەیی بێت لە نێوان کۆمەڵەکان . ئەمە سەرەڕای ئەوەی دەبینرێت لە کاری پارتایەتیدا جۆراوجۆری هەیە، هەروەها جۆراوجۆری ئاینی و باوەڕی فەلسەفیش هەیە، بەهەمانشێوەش چینەکۆمەڵایەتیەکانیش هەمە جۆرن".[10]

سەبارەت بەچەمکی فرەیی ڕامیاریش ئەوا هەندێک لەشارەزایان لەڕوانگەی نوێگەریەوە پێناسەیدەکەن، و هەستاون بە پێکەوە گرێدانی فرەیی ڕامیاری بە نوێگەری. (محمد عابد جابری) لەمبارەیەوە ئەم پێناسەی بۆ ئەم چەمکە کردووە کە "یەکێکە لە دیاردەکانی نوێگەری ڕامیاری، مەبەستی یەکەم و لەپێشینەش هەبوونی بوارێکی کۆمەڵایەتی و فکریە کە خەڵک جەنگی تیادە بەڕێوە ئەبەن لە ڕێگەی سیاسەتکردنەوە. بەواتایەکی تر بەڕێوەبردنی جەنگە لەڕێگەی گفتوگۆو ڕەخنەگرتن و ناڕەزایی دەربڕین و لە کۆتاییشدا پێکەوەژیانی ئاشتیانەو دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی ناوەندی. واتای فرەیی ڕامیاری هەبوونی سەدایەکی جیاوازە لەسەدای فەرمانڕەواکان".[11]

لێرەدا دەکرێت ئاماژە بە پێناسەیەکی تری فرەیی ڕامیاری بکرێت کە لەسەر ئەوە دەوەستێت "فرەیی بەمانای ئەوەدێت کە کۆمەڵگە لە توێژی وەک یەکو لەیەکچو پێکنەهاتوە، بەڵکو لە چەندین کۆمەڵە وتوێژ پێکهاتوە کە خاوەن بەرژەوەندی و ئایدۆلۆژیاو ئاراستەی جیاوازن. ئەمەش بەواتای ڕەواییدانە بەو هێزو ڕاجیاوازانەی لە کۆمەڵگەدا هەن مافی پێکەوە ژیان و گوزارشت لەخۆکردن بەشیوەیەکی ئاشتیانەو بەشداری کردن لە دروستکردنی بڕیاردا. بەواتایەکی تر داننانی کۆمەڵگەیە بە جۆراوجۆرێتی و فرەیی لەسەر بنەمای ئاینی وکلتوری و هزری".[12]

لەپێناسەکردنی فرەیی ڕامیاریدا پشتبەو ڕەگەزە سەرەکیانە دەبەسترێت کەپێکیانهێناوە و سروشت ووێناکردنی پرۆسەی ڕامیاری و دیموکراسین، لێرەوە پێناسەی فرەیی ڕامیاری گوزارشتە لە "پرۆسەی ڕوانین بۆ دیاردەی ڕامیاری وەک بەرئەنجامی پەیوەندیەکانی نێوان گروپەکان لەسەربنەمای جیاوازیە جۆراوجۆرەکان و ئاراستەکان و گرنگیدان بە گەڕان بەدوای ئاستەکانی ئەوپەیوەندیانەو ئەوڕێسایانەی لەسەری دەڕۆن. ئەوەش بەواتای ئەوەی کە بناغەی کۆمەڵایەتی پرۆسەی ڕامیاری دەبێتە ناوەندی گرنگی پێدانی ئەم بابەتە".[13]

بەمشێوەیە" بەشێکی بەرچاو لە سیستەمە ڕامیاریەکانی ئەم سەردەمە بەرەو ئاراستەی ئەوە هەنگاویان ناوە کە دان بە فرەییدابنێن لە دەستورەکانیشیاندا جێگیری بکەن. ئەوەش ڕێگەی بۆ ئەنجامدانی کاری ڕامیاری بە شێوەیەکی ئاسایی و یاسایی خۆشکردووە، کە لە ئەنجامدا سەری بۆ پێکهێنانی پارت و ڕێکخراوو بزوتنەوە ڕامیاری و پیشەییەکان کێشاوە تاوەکو بتوانن بە شێوەیەکی ئاشکراوئاشتیانە گوزارشت لە بۆ چون و بەرژەوەندیەکانیان بکەن"[14]. هەموو ئەوانەش لە جاڕنامەی گەردوونی مافەکانی مرۆڤدا بەڕاشکاوانە باسیان لێوەکراوە، بۆ نمونە لەمادەی بیستدا هاتووە" هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە بە ئازادانە بەشداری لە کۆڕو کۆمەڵە ئاشتیانەکاندا بکات و ناکرێت کەس ناچار بکرێت بە دڵبەندی(الانتماء) بۆ کۆمەڵەیەکی دیاری کراو" [15]. هەروەها لەمادەی بیست و دووی پەیماننامەی نێودەوڵەتی بۆ مافە شارستانی وڕامیاریەکاندا هاتووە"هەموو کەسێک مافی دامەزراندنی کۆمەڵەو پارتی هەیە لە گەڵ ئەوانیتردا بەشێوەیەکی ئازادانە. هەروەها مافی پێکهێنانی سەندیکا و ئەندام بوونی هەیە تیایاندا لە پیناوی بەرگری کردن لە بەرژەوەندیەکانیان".[16]

---

[9] . يوسف بن محمد بن احمد القحطاني، المصدر السابق، ص٢١.
[10] . د.رعد صالح الآلوسی،المصدر السابق،ص٣٨.
[11] . .محمد صابر كريم، التعددية السياسية وأثرها على السلطة التشريعية في إقليم كوردستان /العراق،أكاديمية التوعية و تأهيل الكوادر، السليمانيى ، ٢٠١٢، ص١١.
[12] .وجيه عفدو علي، التعدديه السياسية دراسة في المفهوم والاليات، مجلة جامعة دهوك، مجلد:٢١، العدد:٢،(العلوم الانسانية والاجتماعية)، ٢٠١٨،ص٥٢٢.
[13] . وجيه عفدو علي، المصدر السابق، ص١٢.
[14] .د. ناظم عبدالواحد الجسور، موسوعة علم السياسة، دار مجدلاوي، عمان، ٢٠٠٤، ص١٢٦.
[15] .الاعلان العالمي لحقوق الانسان، اعتمد بموجب قرار الجمعية العامة ٢١٧ ألف (د-٣ ) المؤرخ في ١٠كانون الأول/ ديسمبر ١٩٤٨.
[16] . العهد الدولي الخاص بالحقوق المدنية والسياسية، اعتمد وعرض للتوقيع والانضمام بموجب قرار الجمعية العامة للأمم المتحدة ٢٢ألف(د-٢١)المؤرخ في ١٦ كانون/ديسمبر١٩٦٦ تاريخ النفاذ آزار/مارس ١٩٧٦ وفقا لأحكام المادة ٤٩.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.9
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (8) – العدد (2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

چەمکی فرەیی بۆ "مەبەستی جیاواز بەکاردێت، یەکێک لەوانە هەبوونی جۆراوجۆری کۆمەڵایەتیە. ئاشکرایە کە فرەیی زۆر بوار دەگرێتەوە لەوانە فرەیی کلتوری، ڕامیاری، فەلسەفی ...هتد"[17]. سەبارەت بەفرەیی ڕامیاری دیارە ئەوگەلانەی بوون بەخاوەن قەوارەی ڕامیاری سەربەخۆی خۆیان و پەیڕەوی لە سیستمێکی ڕامیاری دیموکراسی دەکەن، ئەوا تێڕوانینیان بۆ فرەیی ڕامیاری جیاوازە لەوگەلانەی هێشتا لە قۆناغی ڕزگاری نیشتیمانیدان، بۆ ئەوان بەر جەستە بوونی کرۆکی فرەیی لە چوارچێوەی ڕامیاریدا لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە جەخت لەوە دەکاتەوە کە بەشداری ڕامیاری مافی دەستووری هەموو ئاراستەکانە، بە هەمانشێوەش ڕۆڵی هەیە لە بەشداری کردن لەدروستکردنی بڕیاردانی گشتی ، ئەوەش لە چوارچێوەی دەستاودەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات لە ڕێگەی هەڵبژاردن و دەنگدانی گشتی و ڕاستەوخۆو نهێنی.[18]

لەسیستمە دیموکراسیەکاندا فرەیی ڕامیاری بەواتای "ڕەواییدان دێت بەهەبوونی ژمارەیەک هێزو ڕای ڕامیاری جیاواز، ئەوەش بە یاسا جێگیرکراوە کە پێویستە دانبنرێت بەمافی پێکەوەژیان و گوزارشت لەخۆکردن و بەشداریکردن لە دروستکردنی بڕیاری گشتی".[19]

لەمپێوەندەدا و لەوێوەکە مرۆڤەکان بەسروشتی خۆیان لەیەکتر جیاوازن ئەوەش ڕاستیەکەو لە هەر کۆمەڵگەیەک و لەسایەی هەر سیستمێکی فەرمانڕەواییدا بوونی هەیە. هەروەک پێشتر توێژینەوەی لێکرا گرنگە ئاماژە بەخاڵێک بکرێت ئەویش ئەوەیە "کاتێک باس لە فرەیی ڕامیاری دەکرێت ئەوا دەبێت دان بەو ڕاستیەدا بنرێت کە ئەو بابەتە پەیوەندیەکی پتەوو لێکدانەبڕاوی هەیە بە چەمکی دیموکراسیەوە، هەرچەندە پانتاییەکی فراواتر لەخۆدەگرێت. لەسەرئەو بنەمایە پێویستە ئاماژە بەوە بدرێت کە فرەیی واتای داننانە بەهەبوونی جۆراوجۆری(variety) لە دڵبەندیدا لە چوارچێوەی شوناسێکی گشتی نیشتیمانی دا. لە هەمانکاتدا ئاماژەیە بۆ ڕێزگرتن لەو جۆراوجۆرێتیە وقبوڵکردنی ئەو ئەرکانەی بۆیان دروست دەبێت لە جیاوازی وجودایی لە ئاین وزمان وبەرژەوەندی وئاستی ژیان. ئەوەش بەواتای ئەوەیە کە شێوازێکی گونجاو هەبێت بۆ ڕادەربڕین بە ئازادانە بە جۆرێک کە نەبێتە هۆی هەڵگیرسانی ئاژاوەو ئاشتی کۆمەڵگە بخاتە مەترسیەوە ".[20]

هەروەها لەوبارەیەوە پێویستە ئەوەبزانرێت کە "فرەیی ڕامیاری یەکێکە لەمەرجە بنەڕەتیەکانی بەدیهاتنی دیموکراسی، بەڵام نابێت ئەوە لەبیربکرێت کە بەدیهاتنی ئەو دیموکراسیە کارێکی ئاسان نیە و هەروا زوو بەدینایەت. خاڵێک کە گرنگە لێرەدا ئاماژەی بۆبکرێت ئەوەیە کە زۆربەی دامەزراوە ڕامیاریەکان کە قەوارەیەکی ڕامیاری، یان سیستمیکی ڕامیاریان پێکهێناوە ڕەنگدانەوەو بەرجەستەکەری باری ئەو دامەزراوە کۆمەڵایاتیانەن کە لەو کاتەدا بونیان هەیە. هەروەک سامویڵ هنکتۆن ئەڵێت "ئەو ئاستە کۆمەڵایەتیە ڕامیاریەی کۆمەڵگە پێیدەگات ڕەنگدانەوەی پەیوەندی نێوان دامەزراوە ڕامیاریەکان و هیزە کۆمەڵایەتیەکانە، هێزی کۆمەڵایەتی بریتین لە گروپە ڕەگەزی، ئاینی، ئابوری و.....هتد".[21]

لە توێژینەوە لەچەمکی فرەیی ڕامیاریدا جێگەی خۆیەتی کە ئاماژە بەدیدوبۆچونی گرنگترین ئاراستە هزریە هاوچەرخەکان بدرێت، لەوانەش ئاراستەگەری لیبراڵی. بەمشێوەیە دەبینرێت کە ئەم ئاراستەگەریە بایەخپێدانی خۆی هەیە بۆ چەمکی فرەیی ڕامیاری، هزرمەندانی ئەم تیۆریە بەوجۆرە لە کۆمەڵگە دەڕوانن، کە لە چەندین پیکهاتەی ڕامیاری پێکهاتووە کە خاوەنی بەرژەوەندی جیاوازن ، ئەوان پێیانوایە کە "فرەیی ڕامیاری ئاماژەیە بۆ بارێکی دیاریکراوی کۆمەڵگە کە تیایدا گروپ یان دەستەبژێرێک یان ڕیکخستنێکی ڕامیاری یان ئایدۆلۆژی دیاریکراو خۆیان نەسەپاندبێت. یەکێک لەپێویستیە بنچینەییەکان بۆ ئەوەی کۆمەڵگە زیاتربەدیموکراسی بکرێت پیادەکردنی فرەیی ڕامیاری ڕاستەقینەیە، لەو چوارچێوەشدا ڕێگەدان بە فرەیی لە پارت و هێزە ڕامیاریەکاندا لەسەر ئاستی کۆمەڵگە بەگشتی ".[22]
لەوێوە کە چەمکی فرەیی ڕامیاری پەیوەندیەکی توندو پێکەوە گرێدراوی هەیە بە چەمکی دیموکراسی خۆرئاواییەوە، هەروەک پێشتر ئاماژەپێدرا، هەربۆیە ئەو ڕوداو و پێشکەوتنانەی کۆمەڵگە خۆرئاواییەکان بەخۆیانەوە بینیوە بەتایبەت پێشینەیەکی دورودرێژی نەریتی فەرمانڕەوایی کردن وەک بەشێک لە پرۆسەی ڕامیاری ئەو کۆمەڵگانە ڕەنگدانەوەی زۆرو قوڵی بەسەریەوە هەیە. لێرەدا جێیخۆیەتی کە بوترێت بنەڕەتی هزریانەی چەمکی فرەیی ڕامیاری ئەگەڕێتەوە بۆ هەردوو بیرمەندانی خۆرئاوایی

---

[17] .Clara Yumatle,pluralism, 2015,p1.
[18] . د. ناظم عبدالواحد الجسور، المصدر السابق.
[19] . يوسف بن محمد بن احمد القحطاني، المصدر السابق، ص٢٩.
[20] . يوسف بن محمد بن احمد القحطاني، المصدر السابق، المصدر نفسه.
[21] .وەرگیراوە لە: محمد صابر كريم، المصدر السابق،ص ص ١٦و١٧.
[22] .Konrad Adenaure Stifung, The stae of political pluralism and Democracy at local Government level in Uganda,Areport from an Assessmentof Seven Districts, p9.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.9
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

جۆن لۆک ومۆنتیسکۆ . بەمشێوەیە جۆن لۆک جەختدەکاتەوە کە "پێویستە دەوڵەت لەسەر بنەمای ڕەزامەندی گشتی بنیادبنرێت و کار بۆ خۆشگوزەرانی کۆمەڵگەبکات و ڕێگەبە فرەیی هێزە کۆمەڵایەتی و ڕامیاریەکان بدات ئەگەر نەیتوانی بەوکاران هەستێت گۆڕینی دەبێتە پێویستی. هەروەک ئەڵێن ڕیشەی هەریەک لە شۆڕشەکانی ئینگلیزی و فەرەنسی و ئەمریکی بۆ لۆک دەگەڕێتەوە".[23] هەر لەم چوارچێوەشدا جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوەش بدرێت کە فرەیی ڕامیاری وەک تیۆرێکی ڕامیاری وخاوەنی ڕوانگەیەکە کە "پێویستە دەسەڵاتی ڕامیاری سنورداربکرێت لەڕێگەی ژمارەیەک کۆمەڵەی نێوەندگیر(وسیط) جا ئەوانە حکومەتی ناوچەیی یان ئەو پارت و سەندیکا وکۆمەڵانەبن کە لە گۆمەڵگەدا بونیان هەیە، بۆ ئەوەی گرەنتی ئازادی تاک بکرێت و ڕێگە نەدرێت تاکە پارتێک یان ئاینێک ببێتە شوناسی دەوڵەت".[24]

سەبارەت بە پیشینەی مێژوویی یان ئەو قۆناغانەی فرەیی ڕامیاری پیایاندا تێپەڕیوە وەک هەر بابەتێکی تری زانستە ڕامیاریەکان کۆدەنگی نیە، وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا هەندێک سەرەتای سەرهەڵدانی فرەیی ڕامیاری ئەگێرنەوە بۆ نوسینەکانی هزرمەندانی وەک جۆن لۆک و مونتیسکۆ. هەندێکیتر پێیان وایە دیاردەی فرەیی ڕامیاری بەسێ قۆناغدا تێپەڕیوە کەبریتین لە:[25]

قۆناغی یەکەم بریتیە لە فرەیی ڕامیاری وەک تیۆریەکی ڕامیاری لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا لەوڵاتی بەریتانی سەری هەڵداوە، کاتێک گروپیک لە زانایانی تیۆریە ڕامیاریەکان لەوانە( جۆن جی دی ئێتش وهارۆلد لاسلکی) گفتوگۆیان دەربارەی سەربەخۆیی گروپە ناوەندیەکانی وەک کۆمەڵە ئاینیەکان ویەکێتیە کرێکاریەکان ئەنجامدا لە چوارچێوەی مێژووی زیاد بوونی هێزی دەوڵەتە ناوەندی(centralism)ەکان. قۆناغی دووەمی فرەیی ڕامیاری لە پەنجاکان وشەستەکانی سەدەی بیستەم دەستی پێکرد، کاتێک دەستەیەک لەزانایانی بواری زانستە ڕامیاریەکان لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وەک ( ڕوبەرت داڵ شارلز لی ، بروم جاک) هەستان بە پەرەپێدانی فرەیی دیموکراسی ، ئەم نەوەیە لەوڕێگەوە چەمکی دەوڵەت سنوردار ئەکەن، دەربارەی ڕۆڵی دەوڵەت لە جۆراوجۆری بەرژەوەندی کیبرکێکارانەی نیوان کۆمەڵە جیاوازەکانی خەڵک دەدوێن. بەمانای ئەوەی دەبێت ئەو فرەیی و جۆراوجۆریە بە شێوەیەکی ئاشتیانەو چالاکانە ئیدارە بدریت. کۆتا قۆناغیش کە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو دەستی پێکردووە کاتێک کۆمەڵێک لە پسپۆڕانی بواری تیۆریە ڕامیاریەکان هەوڵێ دانان و ئاوێتەکردنی هەردوو فرەیی ڕامیاری ئینگلیزی و فرەیی دیموکراسیان داوە، هەروەها کاتێک کۆمەڵێکی تر هەوڵی تێکەڵاو(mixsed) کردنی فرەیی کلاسیکیان لەگەڵ دواین بەرەوپێشچونەکانی ئەو بزواتە فەلسەفیە داوە کە لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو لە فەرەنسا دەستی پێکردووە، بەتایبەت ئەوەی سەر بە قوتابخانەی(یایل) بون بۆ فرەیی ڕامیاری ( بۆل هیریست و شانتاڵ موف).

لەسەربنەمای ئەوەی لەسەرەوە تویژینەوەی لێکرا ئەتوانرێت بوترێت، کە فرەیی بەگشتی دیاردەیەکی سروشتی کۆمەڵگەی مرۆییە و ئەستەمە کۆمەڵگەیەک هەبێت کە بەتەواوی وەکیەک بێت، بەڵام فرەیی ڕامیاری چەمکێکی نوێیە و داهێنراوی کۆمەڵگە دیموکراسیەکانە. سەبارەت بەو کۆمەڵگانەی خاوەن قەوارەی سەربەخۆی ڕامیاری خۆیانن فرەیی ڕامیاری جیاوازە لە کۆمەڵگەکانی تر. لەکۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا وەک خاڵێکی بەهێزو دەستەکەوتێکی دیموکراسی لە فرەیی ڕامیاری دەڕوانن.

### توێژینەوەی دووەم/ خواستی سەربەخۆخوازی و فرەیی ڕامیاری

هەر گەل و نەتەوەیەک چەندین ئامانجی باڵای هەیە کە لە پێناویدا تێدەکۆشێت، ئامانجی هەرەباڵاو لەپێشینەشی سەربەخۆیی ڕامیاریە، بەمشێوەیە ئەوانەی سەربەخۆن و خاوەنی قەوارەی ڕامیاری خۆیانن بەهەموو توانایەکیانەوە هەوڵی پاراستنی ئەو سەربەخۆییە ئەدەن، ئەوانەشی هێشتا بەدەستیان نەهێناوە ئەوا بەردەوام خەونی گەورەیان گەیشتنە بەسەربەخۆیی. لەسەر ئەوە توێژینەوەکردن لەبنەماو ڕەهەندی تیۆری و چەمکیانەی چەمکی سەربەخۆیی ڕامیاری پێویستیەکی جەوهەری توێژینەوەیە لەپرسی فرەیی ڕامیاری بزاوتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی.

بنەڕەتی سەرهەڵدان و دەرکەوتنی پرسی سەربەخۆیی ڕامیاری دەگەڕێتەوە بۆ "ئەودۆخەی کەتیایدا گەلێک یان پێکهاتەیەکی نەتەوەیی ،ڕەگەزی، ئاینی یان ئاینزایی هەست بەبوونی چەوساندنەوەی نەتەوەییان ڕەگەزی....دەکات، یان خاک و نیشتیمانیان

23. د. سعيد حميد ابراهيم، معوقات التعددية السياسية، مجلة السياسية والدولية،ص١٨٨.
24. وجيه عفدو علي، التعدديه السياسية دراسة في المفهوم والاليات، مجلة جامعة دهوك، مجلد:٢١، العدد:٢،(العلوم الانسانية والاجتماعية)، ٢٠١٨،ص٥٢٢.
25. المصدر نفسه،ص٥٢٣.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.9
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

هاتۆتە داگیرکردن لەلایەن هێزێکی کۆلۆنیالەوە"*لێرەوە ئەو پێکهاتە ژێردەستەیە، لەپێناوی بەدەستهێنانەوەی مافەکانی ناچارە دەستبداتە خەبات و تێکۆشان، ئیتر ئەو خەباتە هەرجۆرێک و بەهەر شێوازێک بێت. لەمپێوەندەدا پێویستە بوترێت کە پرۆسەی داگیرکاری کە زۆرجار لەلایەن دەوڵەتانی بەهێز و خاوەن هێزی سەربازی و ئابوری و مرۆیی گەورەوە بەرامبەر بە داگیرگەکان( المستعمرات) ئەنجام ئەدرێت، هۆکارو پاڵنەری تایبەتی خۆی هەیەو، ئەکرێت بەشێک لە هۆکارەکان پەیوەندیان بە دەوڵەتە داگیرکەرەکەوە هەبێت وهەندێکی تریشیان پەیوەستبن بەدەوڵەت یان ناوچە یان نەتەوەی داگیرکراوەوە. گرنگترین پاڵنەرەکانی دەوڵەتانی داگیرکەر ئەمانەن: .[26]

1. پاڵنەری رامیاری: هێورکردنەوەی دۆخی ناوخۆیی و سەرقاڵکردنی کۆمەڵگە بە جەنگەوە.
2. فراوان خوازی: بەشێک لەودەوڵەتانەی کە خاوەنی هێزی سەربازی ومرۆیی گەورەن هەوڵئەدەن ڕوبەری وڵاتەکانیان فراوان بکەن، ئەوەش لە ڕێگەی داگیرکردنی خاکی نەتەوەکانی ترەوە وەدیدەهێنن.
3. پاڵنەری ئابووری: ئەودەوڵەتانەی لە ڕووی ئابووریەوە پێشکەوتوون بەتایبەت ئەوانەی کەرتی پیشەسازیان لە گەشەکردنی خێرادایە زۆرتر هەوڵی داگیرکردن ئەدەن، ئەویش بەهۆی ئەوەی ئەم دەوڵەتانە پێویستی زۆریان بە مادەی خاو و بازاڕ هەیە بۆ ساغکردنەوەی کاڵاکانیان.
4. پاڵنەری ئاینی: ئاینیش یەکێکە لەو پاڵنەرە بە هێزانەی کە هانی دەوڵەتان ئەدات بۆ ئەوەی پاساوی پرۆسە داگیرکاریەکانیانی پێبدەنەوە، بەڵام بەکارهێنانەکەی بەگوێرەی مەرامی دەوڵەتە داگیرکەرەکە دەگۆڕێت، دەکرێت دەوڵەتێک ناوچەیەک بە پاساوی ئاینی بە موڵکی خۆی بزانێت، یان داگیرکەر ناکۆکی ئاینی بکاتە پاساوی پرۆسە داگیرکاریەکانی وەک هەوڵێک بۆ کۆتایی هێنان یان لاوازکردنی ئاینێکی تر. [27]

سەبارەت بەو هۆکارانەی کە پەیوەندیان بە داگیرگەکانەوە(colonist) هەیە دەکرێت بەکورتی ئاخاوتن لە گرنگترینیان بکرێت. سەرەتاش بەوە دەستپێدەکرێت کە لە بەرامبەر هەریەک لە هۆکارانەی پاڵی بە داگیرکەرانەوە ناوە بۆئەوەی دەستبگرن بەسەر خاکی گەلانی ترو فەرمانڕەوایی خۆیانیان بەسەردا بسەپێنن، هۆکاری خودی لە داگیرکراوەکانیشدا هەن کە بوونەتە جێی سەرنجی داگیرکەران، لەوانە دەوڵەمەندی ناوچەکە و پێگەی جیۆپۆلەتیکی و نەبوونی یەکڕیزی نیشتیمانی .....هتد. بەمشێوەیە بەدەگمەن دەبینرێت گەلێک کەوتبێتە بەر هەڕەشەی داگیرکاری و بە ئاسانی خۆی بەدەستەوەبدات، بەڵکو دەستیداوەتە تێکۆشان و چەندین سەرهەڵدان و شۆڕش و بزاوتی چەکداری فروان و درێژماوە. بەتایبەت کاتێک داگیرکەر دەست ئەکات بەجێبەجێکردنی پلانەکانی لەو خاکەدا کە داگیری کردووە. لەیەکەم هەنگاودا دەوڵەتی داگیرکەر خاکی ئەویتر داگیر دەکات و خەڵکە ڕەسەنەکە لە خاوەندارێتی خاکەکەیان بێبەش دەکات ڕەنگە بەناچاری زێدی خۆشیان بەجێبهێڵن. لە هەنگاوی دواتردا داگیرکەر وەک کۆیلە مامەڵە لەگەڵ هاوڵاتیانی داگیرگەکە ئەکات و بۆ مەبەستی تایبەتی خۆی دەیانخاتەکار جا ئەوە لە بواری سەربازیدابێت و وەک سەرباز ڕەوانەی بەرەکانی جەنگیان بکات یان بەزۆر لە کارگەو پرۆژەکانی خۆیدا کاری زۆرە ملێیان پێبکات[28]

لەسەر بنەمای ئەوەی سەرەوە ئەتوانرێت بوترێت کە زاراوەی داگیرکەر(colonial) هەموو ئەوانە دەگرێتەو کە هەوڵی داگیرکردنی خاکی ئەوانی ترو دەست بەسەرداگرتنی سامانەکەیان ئەدەن. بە گوێرەی ئەم بۆچوونە ئەوا کۆلۆنیال تەنها پرۆسە فروانخوازیەکانی هێزە ئەوروپیەکان لە ئاسیاو ئەفریقا و هەردوو ئەمریکاکە ناگرێتەوە کە لەسەدەی شانزە بەدواوە دەستپێکردوە، بەڵکو ڕیشەی کۆلۆنیال زۆر لەوە قوڵترەو لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دیاردەیەکی بەربڵاوە.[29]

بەمشێوەیە هەموو ئەوانەی سەبارەت بە پرۆسەی داگیرکردن ئاخاوتنی لێکرا، گەلانی داگیرگەکان هانئەدات بۆ ئەوەی بیر لەرزگارکردی خۆیان بکەنەوە لەودۆخە ناهەموارەی تیی کەوتوون، ئەوەش پاڵیان پێوەدەنێت بۆ ئەوەی لەدەوری یەکتر کۆببنەوەو بزاوتێک یان زیاتر دروست بکەن و تواناکانیان یەکبخەن بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانیان کە گرنگترینیان مافی سەربەخۆیی

*. چەمکی کۆلۆنیال وەک هاوتای ئیمپریالیست بەکاردێت، چەمکەکە لە بنەڕەتدا لە کۆلۆنیا ڕۆمانیەوە وەرگیراوە بە گوێرەی فەرهەنگی ئۆید. لەبرەتدا کۆلۆنیا بەواتای کێڵگە یان نیشتەجێکردن دێت. ئەوەش وەک ئاماژەیەک بۆ ئەو ڕۆمانیانەی کە لەوڵاتانێتردا دەژیان و پارێزگاریان لە ڕەگەزنامەی خۆیان کردبوو. بەگوێرەی فەرهەنگی ئۆکسفۆردچەمکی کۆلۆنیل ئاماژەیە بۆ نیشتەجێکردن لەوڵاتێکی نوێ. ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک خەڵک کە لە شوێنێکی نوێ نیشتەجێبکرێن و پەیوەندیان بەدەوڵەتی دایکەوە نەپچڕێنن. أبیا لومبا، الكولونيالية و مابعدها، ت: د.باسل المسالمة، دار التكوين، دمشق، ٢٠١٣، ص١٧

[26] . محمد قنانش، الحركة الاستقلالية في الجزائر بين الحربين ١٩١٩-١٩٣٩، الشركة الوطنية للنشر والتوزيع، الجزائر، ١٩٨٢، ص٢١.
[27] .احمد رمزي، الاستعمار الفرنسي في شمال أفريقية ، ص٥٩.
[28] . . محمد قنانش، المصدر السابق، ص٢٧.
[29] . أبيا لومبا، المصدر السابق ،ص١٨.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.9
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ڕامیاریە، هەرچەندە داگیرکەرانیش دەستەوسان نابن لە بەکارهێنانی توندوتیژی و سەرکوتکردن و گرتنەبەری چەندین ڕێگەی تر بۆ لێکترازان و بەلاڕێدا بردنیان.[30]

لەم پێوەندەدا پێویستە بوترێت کە "خواستی سەربەخۆخوازی لەناو گەلانی ژێردەستەو داگیرکراودا لە ئەندێشە(فکر)ی ڕامیاریدا سەرچاوە دەگرێت، کە ئەوەش بە گوێرەی هەلومەرجی ڕامیاری و ئابووری و کۆمەڵایەتی بە چەندین ڕێگەو شێوازی جیاواز هەیە کە پارت و ڕێکخراوە ڕامیاریەکان لە ڕێگەیانەوە گوزارشت لە پرەنسیپەکانی ئەو خواستەیان بکەن".[31]

ئەو گەلانەی ئەکەونەبەر پرۆسەی داگیرکاری پێویستیان بەوەیە لەڕێگەی بزاوتە ڕزگاریخوازەکانیانەوە کۆمەڵێک ئامانجی سەرەکی و پلە دوو دەستنیشان بکەن و کار بۆ وەدیهێنانیان بکەن لەوانە، کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی کۆلۆنیالیزم وبۆرژوازی کۆنەپەرستی کە بەرژەوەندیان لەگەڵ داگیرکەر یەکانگیرە، هەنگاوی دووەم بەدەستهێنانەوەی سەربەخۆیی ڕامیاری، دواتر ڕێکخستنەوەی ژیانی هاوڵاتیان و لەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی چین و توێژە جیاوازەکان. سەبارەت بە ئامانجەکانی یەکەم و دووەم ؛ئەوا پێویستە بوترێت کە گرێدراوو تەواوکەری یەکترین، تاکۆتایی بەدەسەڵاتی داگیرکاری نەهێنرێت ئەستەمە بیری لە ڕاگەیاندنی دەوڵەتێکی تەواو سەربەخۆ بکرێتەوە. هەرچی سەبارەت بەهۆکارو پاڵنەرەکانی خواستی سەربەخۆخوازیشە، ئەوا دەبێت بوترێت کە کۆمەڵێک پاڵنەر و هۆکار هەن کە دەبنە بناغەیەک بۆ گەلاڵە بوونی، کە گرنگترینیان ئەمانەن:[32]

1. سەپاندنی کۆمەڵێک یاسا لەلایەن داگیرکەرەکەوە بەسەر هاوڵاتیانی داگیرگەکەدا کە ستەمیان لێبکات و وەک هاوڵاتی وڵاتەکەی خۆی مامەڵەیان لەگەڵدا ناکات.
2. سەپاندنی باری نائاسایی بەسەر سەرجەم ناوچەکانی داگیرگەکە یان بەشێکیدا.
3. دامەزراندنی دادگای سەربازی یان دادگای تایبەت لە ناوچەکانی داگیرگەکە، کەسزای توندو خێرای هەر سەرپێچیەک ئەدەن.
4. سەرەڕای ئەوانەی سەرەوە بێبەشکردنی هاوڵاتیانی داگیرگەکە لە مافە کلتووری و ڕامیاریەکانیان و بێبەشکردنیان لە دەسەڵات دیوێکی تری هاندانی هاوڵاتیانە بەرەو زیاتر هەنگاونانیان بەرەو سەربەخۆیی.

هەروەک پێشتر توێژینەوەی لێکرا، بەشێک لە دیاردە ڕامیاریەکان سەرەتا لە ئەندێشەی کەسێک یان چەندکەسێکەوە سەرچاوە دەگرێت، دواتر ئەوانەی خاوەنی هەمان خواست و بیرکردنەوەن لەدەوری یەکتر کۆدەبنەوە و دەستەو کۆمەڵە پێکدەهێنن. ئەگەر زەمینە لەباربێت ئەوا کۆمەڵەکان دەست بەخەبات دەکەن( خەبات بەهەموو جۆرەکانیەوە). لەسەردەمی نوێدا "زۆرێک لەو کۆمەڵەو ڕێکخراوە ڕامیاریانەی کە هۆکاری داگیرکاری خاک و چەوساندنەوەی نەتەوەیی زەمینەی بنچینەیی دروستبوون ودەرکەوتنیان بووە، ئەوا وەک بزاوتێکی سەربەخۆخواز دەستیان بەتێکۆشان کردووە و لە چوارچێوەی پارتێکی ڕامیاریدا خۆیان فۆرمەڵە کردووە، هەرچەندە لە ڕاگەیاندن یان گفتوگۆکانیناندا پارتایەتیان ڕەتکردبێتەوە و بە هۆکاری پارچەبوونی کۆمەڵگەیان زانیبێت".[33] لەسەر ئەوبنەمایە دەتوانرێت بوترێت کە گەشەسەندنی خواستی سەربەخۆخوازی لەو کۆمەڵگایانەی کە فرەیین تێدایە پەیوەندی توندی بەسیستمی ڕامیاری دەوڵەتەکەوە هەیە. بەمشێوەیە لەو کۆمەڵگایانەی کەخاوەنی سیستمێکی ڕامیاری دیموکراسی لیبرالین، ئەوا فرەیی ڕامیاری وەک کرۆکی سیستمەکە و ڕووی گەشی کۆمەڵگەکە دێتە هەژمارکردن. بەپێچەوانەشەوە ئەو کۆمەڵگایانەی کە خاوەن سیستمێکی ڕامیاری دیکتاتۆری یان ئەوانەی کە تەنها لە ڕواڵەتدا دیموکراسین، ئەوا زیاتر تیایاندا پەیڕەوی لە دەسەڵاتێکی خۆسەپێن دەکرێت و بڕوایان بەدیموکراسی ڕاستەقینە نیەو ئەستەمە ڕێگە بەوە بدەن لایەنە ڕامیاریە جیاوازەکان بەشداری لە هەڵبژاردندا بکەن[34]. ئەو ڕاستیەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە یەکێک لە پرەنسیپە گرنگەکانی لیبرالی ئەوەیە کە بڕوای بەجۆراوجۆری لە ڕای جیاوازدا هەیە ، هەروەها بڕواشی بە کێبڕکێی ئازادانە هەیە لە نێوان لایەنە ڕامیاریە جیاوازەکان بۆ گەیشتن بەدەسەڵاتی ڕامیاری .[35]

---

30. فاسي علال، الحركات الاستقلالية في المغرب، دار الطباعة المغربية ، ص ١٤.
31. جمال برجي، الفكر الاستقلالي في الحركة الوطنية الجزائرية من بداية ولغاية سنة ١٩٥١ وردود الافعال الاستعمارية، مجلة مدارات تاريخية، المجلد الاول- العدد الرابع- ديسمبر ٢٠١٩، ص١٧٩.
32. علي أ. فياص، مقارنة نقدية بين التجربتين التفاوضتين الفيتنامية والفلسطينية، مجلة الدراسات الفلسطينية، المجلد١٢، العدد/٤٨،(خريف٢٠٠١)،ص١٣١.
33. علي أ. فياص، المصدر السابق، ص١٨١.
34. محمد صابر كريم، المصدر السابق،ص٥٥.
35. فليب برو، علم الاجتماع السياسي، ت.د.محمد عرب صاصيلا، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشروالتوزيع، بيروت ، ١٩٩٨،ص١٧٥.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.9
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (8) – العدد (2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

خواستی پارت و هێزە ڕامیاریەکانی نێو بزاوتە ڕزگاریخوازیە نەتەوەییەکان تاڕادەیەکی زۆر لەیەک دەچێت و ئامانجەکانیان بریتیە لە ڕزگاری نیشتیمانی لەدەستی داگیرکاری، جا ئەوە سەربەخۆیی تەواوەتی بێت ، یان خودموختاری یان شێوەکانی تری وەک فیدراڵی یان کۆنفیدراڵی، بەڵام "جیاوازیان لەسەر ڕێگەو شێوازی بەدەستهێنانی ئەو ئامانجانە سەردەکێشێت بۆ پەرتەوازەبوونی تواناکان و دور کەوتنەوە لە ئامانجەکان، لە هەندێک بارودۆخدا جیاوازیەکان لە ناو ڕێکخراوێک یان پارتێکی ڕامیاریدا ئەگەر چارەسەرنەکرێن دەبنە هۆی دروست بوونی جیابوونەوەو تەنانەت هەڵوەشانەوەو سەرهەڵدانی پارت و هێزی نوێش"[36]. ئەمەش هۆکارە سەرەکیەکانی لاوازی و بگرە سەرنەکەوتنی بزاوتە ڕزگاریخوازیە نەتەوەییەکانە.

هەرچەندە فرەیی ڕامیاری بەگشتی و فرەیی پارت و هێزە ڕامیاریەکاندا بەتایبەتی لەبەشێک لە کۆمەڵگەکاندا ڕۆڵی یەکلاکەرەوەیان هەیە لە چەسپاندنی دیموکراسیدا، ئەوەش لە بەرئەوەی ئەو پارت و هێزانە دەستپێشخەری دەکەن بۆ چاکسازی و خواست و داواکاری هاوڵاتیان گەڵاڵە دەکەن و دەیگۆڕن بۆ ئەوەی پێی دەوترێت سیاسات (public policy)* ، ئەوە لەلایەک و لەلایەکی تریشەوە ئەو پارت و هێزاانە دەبنە چاودێر بەسەرکارەکانی حکومەت و هەوڵیش ئەدەن کەسانی شیاو لەکۆمەگەدا بۆ پۆستەکان لەهەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێ کردن دەستنیشان بکەن[37]. بە پێچەوانەشەوە بەهۆی ئەوەی پارت و هێزە ڕامیاریەکان خاوەنی پەیکەرو دیدو بەرنامەو پلانی جیاوازن هەموو کاتێک پێکەوە هەڵناکەن، لە بەرئەوە بەشێک لە کۆمەڵگەکان خۆیان دەبوێرن لەوەی چەمکی پارت بەکاربهێنن، لەجیاتی ئەوە چەمکی بزاوت بەکار ئەهێنن. هەستیاری هاوڵاتیانی ئەو کۆمەڵگایانە بەرامبەر چەمکی پارتایەتی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پێیانوایە خودی پارتەکان سەرچاوەی قەیرانەکانن. لەبەرئەوە ناوی تریان لێناون وەک ڕێکخراو و کۆمەڵە ....هتد.[38]

پرسێکی گرنگ کە لێرەدا جێگەی لەسەرڕاوەستانە، ئەوەیە کە لە پرۆسەی داگیرکاری گەلاندا جگە لە پاڵنەرەکانی دەوڵەتانی داگیرکەر کە پێشتر ئاماژەیان بۆکرا، ئەو دەوڵەتانە پیلانی دوژمخیشیان هەیە بۆ هێشتنەوەی گەلان بەژێردەستەیی، ئەوەش لە ڕێگەی هەوڵی دابەشکردن و پەرتەوازەکردنی کۆمەڵگەی داگیرکراو لە پێناوی ئەوەی توناکانی ئەو کۆمەڵگە لاوازبکرێت و دەرفەتەکانی ڕزگاربوون کەم بن. وتەیەک هەیە دەوترێت بەریتانیەکان هەمیشە سیاسەتی (**پەرتبکەو زاڵبە** )* یان پەیرەوکردووە لەو کۆمەڵگایانەی داگیریان کردوون، کە دواتر ئەم ڕێسایە زۆربەی داگیرکەرانی تریش کەڵکیان لێوەرگرتووە.

---

[36] . محمد جمال باروت، حركة قوميين العرب، المركز العربي للدراسات الاستراتيجية ، دمشق، ١٩٩٧، ص ٤٦.

*. سیاسات: بەشێوەیەکی گشتی سیاسات بریتیە لە کۆمەڵێک ڕیسا ی پابەندکاری دەرباەرەی ئەو بڕیارە کارگێڕیانەی دەدرێن بەمەبەستی بەدەستهێنانی ئامانجەکان لە چوارچێوەی چەند ئامرازێک(الاليات)ی پلان بۆ داڕێژراودا. یان بە واتایەکی تر گوزارشتە لە نەخشەڕێیەکی گشتی، یان پلانێک بەمەبەستی بڕیاردان کە ناوەڕۆک و ستراتیژ و جیبەجێ کردن بەیەکەوە ئەبەستێتەوە، گرنگی سیاسات لەوەدایە کە بیرۆکەی کارگێڕی دادەڕێژێت بە مەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکان. سیساتی باش ئەتوانیت سود لەکات ببینێت و بیقۆزێتەوە بۆ ئەوەین لە کەمترین کاتدا زۆرتین کار بە ئەنجام بگەیەنێت، سیاساتی سەرکەوتوو گونجان لە نێوان بڕیارەکان دروست ئەکات کە لەسەر ئاستی یەکەکان و دامەزراوەکان ئەدرێن و ڕێگە لە دژیەکی دەگرێت.هەروەها لیهاتوویی لەکاردا زیادئەکات و پەرە بە گیانی دەستپێشخەری ئەدات.. سیاساتی باش هاوکار دەبێت بۆ هەڵسەنگاندنی تواناو ئەدای تاکەکان.(د، محمدمحمد ابراهيم، السياسات العامة على مستوى المؤسسة مفهوم السياسات و اهميتها، ١٣/مای/٢٠٢٠. https//almerja.com

[37] . بريخشتي كيمب و اخرون، حوار الاحزاب السياسية دليل ميسر الحوار، ص ١٦.

[38] . المصدر نفسه، ص ٢٥.

*. سیاسەتی پەرتبکەو زاڵبە : بەعەرەبی( فرق تسد) بە ئینگلیزی (divide and rule policy) ئەمە تەنها زاراوەیەکی فکری نیە بەڵکو پرەنسیپ و پیلانێکی باوە لە دنیای ڕامیاریدا، کاتێک هەوڵی تێکشکاندنی ڕیزەکانی نەیار ئەدرێت ،لە ڕێگەی لێکجیاکردنەوەو دەورەدان و زاڵبوون بەسەریاندا. زۆرێک لەدەوڵەتان پەیڕەویان لەم سیاسەتە کردووەو بەرامبەر ئەوگەلانەی ویستویانە بۆ ماوەیەکی درێژ فەرمانڕەواییان بکەن و درفەتی گەیشتنیان بە ڕزگاری نیشتمانی لەبار بەرن ئەوقەش لە ڕێگەی پەیڕەوکردنی سیاسەتی پەرتەوازەکردنی ڕیزەکانیان و دابەشکردنین بەسەر ئاراستەو کۆمەڵەو ڕێکخراو و پارتی ڕامیاری جیاواز و دروستکردنی ناکۆکی و ململانێ لە نێوانیاند.یەکێک لەو دەوڵەتانەی پەیڕەوی لەو سیاسەتە کردووە یەکێتی سۆڤیەتی جاران بووە کە هەستاوە بەتۆخکردنەوەی جیاوازی ئیتنی لە نێوان پێکهاتە بچوکەکاندا بۆ ئەوەی بەیەکترەوە سەرقاڵیان بکات. .د. اسماعيل عبدلفتاح عبدالكافي، الموسوعة الميسرة للمصطلحات السياسية( عربي- انجليزی)، ص٣١٢. بەهەمان شێوە فەرەنسیەکان هەوڵیان داوە سوود لە هەموو ڕێگەو شێوازەکان ڕامیاری و دبلۆماسی و سەربازیەکان ببینن بۆ ئەوەی بتوانن کۆمەڵگەی جەزائیری توشی لێکترازان بکەن و شێرازەی کۆمەڵایەتیان بپچڕێت، بەوەش لەلایەل برەو بە ئامانجە داگیرکاری و فراوان خوازیەکانیان ئەدەن لە لالەی لەلایەکی تریشەوە بارگرانی ئابووری سەر خەزێنەی وولاتەکەیان کەم ئەکەنەوە، سیاسەتی فەرەنسیەکان بریتی بو لە بەسەربازکردنی(تجنيد)ی بەشێک لەجەزائیریەکان و بەکارهێنانیان دژی تێکۆشەرانی وڵاتەکەیان بەسوود وەرگرتن لە تواناو شارەزاییان لە کەش و هەوا و جوگرافیای وڵاتەکەیان، بەشێکیشیان وەک چاوساغ لە ناو سوپای فەرەنسادا دامەزران. سلاماني عبدالقادر ، سياسة مبدأ فرق وتسد الفرنسية في تحطيم المجتمع الجزائيري حاضن المقاومة الوطنية ١٨٣٢- ١٨٤٧م، جامعة طاهري محمد بشار،مجلة الساورة للدراسات الانسانية والاجتماعية ، العدد الخامس :جوان ٢٠١٧، ص ٣٤.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.9
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (8) – العدد(2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

بەمشێوەیە دەوڵەتانی داگیرکەر کەڵک لە هەندێک تایبەتمەندی ئەونەتەوانە وەردەگرن کە دەیانەوێت داگیریان بکەن، بۆ نمونە ئەو کۆمەڵگانەی خێڵایەتین و سەرۆکی خێڵەکان دەسەڵاتێکی زۆریان هەیە، ئەوە دەرفەتێکی باش دەرەخسێنێت تا دەوڵەتی داگیرکەر لەو رێگەوە دەستوەردان لەو وڵاتەدا بکات. خێڵایەتی وادەکات وڵات بەسەر ناوچەی پچرپچرو لێکدابراودا دابەشبێت، کە ئاستەنگ بۆ یەکێتی و یەکپارچەیی دروست ئەکات و پرۆسەی داگیرکاری ئاسانتر ئەکات. ئەوە سەرباری ئەوەی سەرۆک خێڵەکان بەردەوام خەریکی ململانێ و شەڕی یەکترن و بەوەش توانای بەرگریان بەرامبەر هەڕەشە دەرەکیەکان کەم ئەبێتەوە.[39]

فرەیی ڕامیاری لە بزاوتە ڕامیاریە ڕزگاریخوازیەکاندا بە تایبەت لەو کۆمەڵگایانەی کە پێشینەی دیموکراسی و یەکتر قبوڵکردنیان نیە ئەوا زۆربەی کات وەک خاڵێکی لاواز و کەلێنێک لەسەر خودی بزاوتەکە بەگشتی دەردەکەوێت . پارت و هێزە ڕامیاریەکان ئەوەندەی کار لەسەر شکاندن و سڕینەوەی یەکتر ئەکەن ئەوەندە سەرنجیان لەسەر ئەو ئامانجە نابێت کە لە پێناویدا دەستیان بەخەبات کردووە[40]. بە پێچەوانەشەوە خەباتی ئەو گەلانەی کەوتوونەتە بەر شاڵاوی پەرتکردن و لێکدابڕین بە ئامانجی گێڕانەوی یەکێتی نەتەوەیی و نیشتیمانی بووە، ئەو یەکێتیەش وادەخوازێت لەسەرەتاوە لە ناو خودی بزاوتە ڕزگاری خوازیەکەدا پەیڕەوی لێبکرێت یان بەدیبهێنرێت. ئەگەر توانرا ئەوە بەدی بهێنرێت ئەوا هەنگاوی دواتر کە ئامانجە سەرەکیەکەیە ( یەکێتی ڕامیاری) ئاسانتر دێتەدی.[41]

خواستی سەربەخۆخوازی ڕامیاری کە خۆی لەچوارچێوەی بزاوتێکی ڕامیاریدا دەبینێتەوە(separatist movement)، زیاتر لەو دەوڵەتانەدا دەردەکەوێت کە خاوەنی فرەیی نەتەوەیی یان پەیڕەوی لەسیستمێکی فیدراڵی دەکەن، بەهۆی ئەوەی ئەندامانی پێکهاتەیەک هەست بە چەوسانەوە دەکەن، ئەوا خواستی ئەوەیان لەلا دروستدەبێت کە خۆیان فەرمانڕەوایی خۆیان بکەن، بۆ ئەوەش هەوڵی ئەوە ئەدەن کە دەسەڵات بگرنەدەست و سەربەخۆیی ڕامیاری بەدەستبهێنن، بەمشێوەیە ئەو بزاوتانە زۆرجار ناچار دەبن پەنا بۆ خەباتی چەکداری و توندوتیژی بەرن. ئەم بزاوتانە هەرچەندە لە لایەن ئەو پێکهاتەی ڕابەرایەتی ئەکات وەک بزاوتی ڕزگاری دەناسرێن بەڵام دەوڵەتەکە بە ڕەوتێکی جودا خوازو دژ بەری یەکێتی نێشتمانی پێناسەیان دەکات و لە دەستوری هەندێک دەوڵەتدا وەک گروپی تیرۆرستی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت و سزای توندیان بە یاسا بۆ دەستنیشانکراوە.[42]

بەمشێوەیە بەشێک لەو پارت و هێز و ڕێکخراوانەی بە ئامانجی ڕزگاری نیشتیمانی و یەکێتی نەتەوەیی دامەزراون و دەستیان بە تێکۆشان کردوە بەردەوام ڕووبەڕووی لێکترازان و جیابوونەوە هاتوون، ئەوەش وەک دیاردەیەک لە سیەکانی سەدەی ڕابردوودا بەرچاو ئەکەوێت کە بەرۆکی پارتە شیوعیەکانی ئەوسەردەمەی گرتووە، کە بووە بە خاڵێکی لاوازی ئەوە بزاوتە ڕزگاریخوازانەی کە هەڵگری ئەو ڕەوتە فکریە بوون.[43]

لەسەر بنەمای ئەوەی سەرەوە دەکرێت چەند دەرئەنجامێکی گرنگ وەدەستبهێنرێت، لەوانەش فرەیی ڕامیاری بە پێچەوانەی سیستمی تاک پارتیەوە لە قۆناغی شۆڕش و تێکۆشان لە پێناوی سەربەخۆیی ڕامیاریدا ئەبێتە خاڵێکی لاواز بۆ بزاوتەکە. فرەیی ئەبێتە هۆی دابەش بوونی تواناکان، ئەگەر نەتوانرێت لە ئاستێکی دیاریکراودا کۆنترۆڵبکرێت ئەوا لە قۆناغەکانی دواتردا پێکدادانی ناوخۆیی سەرهەڵئەدات ، ئەوەش خزمەت بەلایەنی داگیرکەرو زیانی گەورەش لەبزاوتەکە ئەدات و لە ئامانجە باڵاکەیان دوردەخاتەوە.

---

39. سەلاح حسێن ئەفەندی، بۆچی کوردستان نەبووە دەوڵەتێکی سەربەخۆی پێشکەوتوو؟ ٢٠١٧، لا٨٨.
40. محمد جمال باروت، المصدر السابق، ص٤٩.
41. د. نديم البيطار،حدود اليسار الثورى كظاهرة تاريخيية، بيسان للنشر والتوزيع والاعلام، بيروت،٢٠٠٣، ص٨.
42. د. اسماعيل عبدالفتاح عبدالكافي، المصدر السابق،ص١٦٥.
43. د. نديم البيطار،المصدر السابق،ص ص ٩٠و٩١.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.9
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**بەشی دووەم/ ماوەی فرەیی ڕامیاری و کاریگەریەکانی لەسەر بزاوتی کوردی**

کۆمەڵگەی کوردی لەهەرێمی کوردستان وەک هەرکۆمەڵگەیەکی تری مرۆیی خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی، یەکێک لەو تایبەتمەندیانەش بریتیە لەجۆراوجۆریتی لە چەندین بواری جیاوازدا، هەریەک لەو جۆراورجۆریانەش بەشێوەیەک لەشێوەکان کاریگەریان لەسەر کۆمەڵگە داناوە. لەم چوارچێوەشدا فرەیی ڕامیاری کە لەفۆرم و شێوازی جیاوازدا بەگوێرەی ماوە جیاوازەکانی قۆناغی نوی و هاوچەرخ ، بەتایبەتیش قۆناغی هاوچەرخ کاریگەریەکانی لەسەر کۆی ئەم کۆمەڵگەیەو بزاوتی ڕامیاری کوردی بەتایبەتی، دیارو ئاشکرایە. لەسەرئەوە توێژینەوە لەسەر ئەم پرسە گرنگی و بایەخی زانستیانەی خۆی هەیە.

**توێژینچەی یەکەم/ سروشتی فرەیی ڕامیاری لە بزاوتی کوردی هاوچەرخدا**

فرەیی ڕامیاری لەبزاوتی کوردیدا دیاردەیەکی نویَ نیە، ئەوەش بەهۆی ئەوەی تێکۆشانی نەتەوەی کورد بۆ وەدیهێنانی مافە بنەڕەتیەکانی ماوەیەکی دوورودرێژە هاتۆتەئارا وبەرپابونەوە، تا سەرئەنجام بووەتەهۆی دەرکەوتنی چەندین سەرکردەو کۆمەڵەو ڕێکخراوو پارتی ڕامیاری کە لەوپێناوەدا خەباتیان کردووە، هەریەکەش لەوانە خاوەنی دیدو تێروانینی خۆی بووە بۆ چارەسەری پرسی کورد. سەر ئەنجامیش جۆرێک لە فرەیی ڕامیاری لەبزاوتی کوردیدا سەریهەڵداوە کە جیاوازە لەو فرەییەی لەکۆمەڵگە دیموکراسی و سەربەخۆکاندا هەیە، بەهەمانشێوەش جیاوازە لەو تاک ئاراستەییەی کە لەبەشێک لەو کۆمەڵگانەدا پەیڕەودەکرێت کە خاوەنی سیستمی تۆتالیتاری دیکتاتۆرین. بەمشێوەیە کۆمەڵگەی کوردی کە لە قۆناغی ڕزگاری نیشتمانیدا گیرۆدەی جۆرێک لەدابەشکاری ڕامیاری بووە و لەگەڵ بەرەوپێشچونی سەردەمیش زیاتر قوڵبووەتەوە.

فرەیی ڕامیاری لەبزاوتی کوردیدا لەماوەی یەکەمی قۆناغی هاوچەرخدا*، کە "تاڕادەیەکی زۆر خۆی لە فرەیی پارت و هێزە ڕامیاریەکاندا بەرجەستەکردووە، ئەوەش هەرچەندە ئەتوانریت بوترێت فۆرمێکی نویَ بوە، بەڵام نزیکی زۆری هەبوە لەگەڵ ئەو سیستمە خێڵگەراییەی کە لە رابردودا بوونی هەبووە، بەتایبەت لەو خاڵەدا کە شوێنکەوتەکانی ئاراستەیەکی ڕامیاری بڕوایان وابوە کە کۆی ڕاستی(الحقيقة) لای ئەمانە و بەرامبەریش چەوت و هەڵەیە. فرەیی پارت و هێزە ڕامیاریەکان کە بەرئەنجامی فرەیی ڕامیاری بوە، بۆتە هۆکاری ئەوەی کە ئامانج و ئامرازەکان پێچەوانە ببنەوە، بە جۆرێک پارت و هێزەکان ببونە ئامانجی پلەیەک و نەتەوە و نیشتمان ودۆزی نەتەوەکەش ئەو ئامانجی پلە دوو بوون"[44].

هەروەک هەندێک ئاخاوتنی لێدەکەن دیاردەی "فرەیی ڕامیاری لە کۆمەڵگەی کوردیدا فرەییەکی تەندروست نەبووە، ئەوەش لەوێوە کە ئەو فرەییەی لە بزاوتی ڕامیاری کوردی هاوچەرخدا هەبوە درێژکراوەی دابەشبوونە خێڵەکیەکانی قۆناغەکانی ڕابردووبوە لەفۆرمێکی نوێدا، وەک پێشتریش ئاماژەی بۆکرا. ئەوەش لە پێناوی بەدەستهێنانی دەسەڵات و دەستکەوتی تایبەت لەسەر حسابی ئامانجە سەرەکی و گشتیەکان".[45]

سروشتی فرەیی ڕامیاری لەو ماوەیەی بزاوتی کوردیدا لەوەدا بەرجەستەبووە کە پارت و هێزە کوردیەکان بەگوێرەی قەوارەو توانایان هەوڵی سەپاندنی ئیرادەی خۆیان بەسەر یەکتردا داوە کە لەسنوری هەژمونیاندابوون. ئەگەر پێشتر هەندێک ڕواڵەتی وەک تۆڵە کردنەوە، رق لێبوونەوە، لەناوبردن و سڕینەوەی یەکتر لەنێو سەرکردە و سەرۆک خێڵەکانی کورددا بەشێوەی حاڵەتی کەم ڕوویدابێت ، ئەوا ئەو فرەییە ڕامیاریە برەوی بەو دیاردانە داوە و، ڕۆڵی گەورەی بینیوە لە قوڵکردنەوەی ناکۆکیەکان و سەر هەڵدانی پێکدادنی چەکداری لەنێوان پارت و هێزە ڕامیاریەکان و لەناوبردنی تاکی کورد بەدەستی براکەی.[46]

لەمپێوەندەدا زۆرگرنگە کەئاماژە بەوەبدرێت بزاوتی کوردی بەهۆی ئەوفشارە زۆرەی لەلایەن دەوڵەتە سەردەستەکانەوە لەسەری بووە دەرفەتی ئەوەی نەبووە کە بەڕێگەی ئاشتیانەو دبلۆماسیانە خەبات بکات، لەبەرئەوە بەناچاری پەنای بۆ شێوازێکی تر بردوە کە بریتیە لە تێکۆشانی چەکداری، هەرپارتێکی ڕامیاری ئەم بزاوتەش لەوماوەیەدا جگە لە ڕێکخستنە ڕامیاریەکەی هێزێکی چەکداری تایبەت بە خۆی هەبووە؛ ئەوەش وەک خاڵێکی نەرێنی و مەترسیداری فرەیی پارت و هێزە ڕامیاریەکان هەژمار دەکرێت. بەمشێوەیە هێزی چەکداری سەر پارت و هێزە ڕامیاریەکان هێندەیتر بزاوتی ڕزگاری خوازی کوردی پەرتەوازەکرد، بەتایبەت کاتێک بەشێک لەو پارت و هێزانە بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو ململانێ چەکداریەی لەنێوانیاندا هەبووە بەسەرکەوتوویی جگە

*. مەبەست لەماوەی دوای جەنگی جیهانی دووەم تا ڕاپەڕینی (١٩٩١)ە.

[44]. مسعود عبدالخالق، ناسنامەی حزبە کوردستانیەکان ڕەوتیان- ئایدۆلۆژیایان- هەڵسەنگاندنیان، چ٢، هەولێر، ٢٠١٤،ل٥٧.

[45]. ئاسۆ عەلی، چاوپێکەوتن ، ئەندامی پێشووی سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ، لەسلێمانی، ١١/٥/ ٢٠٢٢.

[46]. سەلاح ڕەشید، شەڕی ناوخۆی کورد بۆچی سەری هەڵدا؟ چۆن گەشەی کرد، سەرئەنجام، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان، سلێمانی، ٢٠٢٠، ل١٠٧.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.9
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

ص: 160-181
المجلة العلمية لجامعة جيهان – السليمانية
المجلد (8) – العدد(2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

لە هێزی خۆیان داوای هاوکاریان لە هێزە ناوخۆیی و دەرەکیەکانیش کردووە، دواتریش لە پای ئەو هاوکاریە ناچار بوون ملکەچی داواکانیانبن، کە بەدڵنیایی نەک هەر لەبەرژەوەندی کورددا نەبووە بەڵکو زیاتر ئاگری شەڕیان خۆشکردووە.[47]

بەشێکی زۆری ئەو فرەیی ڕامیاریەی بزاوتی کوردی کە لە ماوەی ئەو قۆناغەدا* دەرکەوتوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ناکۆکیە قوڵەی کە لەناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستاندا هەبووە، کە لە هەردوو باڵی بیرۆی ڕامیاری(المكتب السياسي) و سەرکردایەتی مەلا مستەفای بارزانیدا فۆرمەلە بووە. هەرچەندە پێشتریش جگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان هێزو لایەنیتر بوونیان هەبووە، بەڵام دوای هەرەسی شۆڕش ئەو ناکۆکیە ئاماژە بۆکراوە، هۆکارێک بوو بۆ سەرهەڵدانی چەندین ڕێکخراو و پارت و هێزی ڕامیاری. دیاردەی فرەیی رامیاری لەبزاوتی کوردیدا، بەشێکی زۆری بەرئەنجامی لێکترازانی باڵەجیاوازەکانی ناو پارتی بوە بەتایبەتی کە لەساڵی ١٩٧٤-١٩٧٥ قوڵبوونەوە. ئەو باڵە جیاوازانەی دواتر بوون بە پارت و هێزی ڕامیاری نەیانتوانی هاوکاری یەکتربن بۆ شەڕکردن دژی دوژمنە هاوبەشەکەیان، ئەوەندەی سەرقاڵی شەڕی یەکتر بوون. پارت وهێزەکان بەردەوام تۆمەتی شکشتی کاری پێکەوەییان خستوەتە ئەستۆی ئەویتر. سەرجەم ئەوچین و توێژانەی کۆمەڵگەی کوردی( کرێکاران و جوتیاران، ڕۆشنبیران، وردە بۆرجواو چینی ناوەند) بۆداکۆکی لەمافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد بەشداری تێکۆشانیان کردبوو، بەواتای ئەوەی ئامانجێکی هاوبەش کۆی کردبوونەوە، بەڵام پارت و هێزە ڕامیاریەکان بەشێوازی سەربەخۆو جیا لەیەکتر کاریان دەکرد و ئاستەنگ بوون لەبەردەم یەکریزی بزاوتەکەدا. هەروەها زۆرجار هێزی پێشمەرگەش کەبەسەر پارت وهێزە ڕامیاریەکاندا دابەش ببوو، ئەوا لەپێناوی کۆنترۆڵ کردنی زۆرترین ناوچەی کوردستان و دەرکردنی پارت و هێزەکانی تر بەکاردەهێنران.[48]

لە ڕاستیدا "سەرهەڵدانی پارتی ڕامیاری ودامەزراندنی بۆ ئەوەیە کە تێبکۆشێت لە پێناوی گرتنەدەستی دەسەڵاتی ڕامیاری. کاتێک دەسەڵاتیش ئەگرێتەدەست، دەرگا بەڕووی قۆناغێکی نوێدا ئەکاتەوە. کە بریتیە لەهەوڵدان بۆ جێبەجێ کردنی پەیامەکەی خۆی ئەوەش لە ڕێی دوبارە ڕێکخستنەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان "[49]. بەڵام لە باشوری کوردستان لە دوای جەنگی جیهانی دووەم پارت وهێزە ڕامیاریە نوێیەکان دادەمەزرێن، قۆناغی دوای جەنگی دووەم تا ڕاپەڕینی خەڵکی کوردستان[50] قۆناغێکی نوێیە لە ژیانی ڕامیاری لەو بەشەی کوردستان، کە زۆرترین ژمارەی پارت وهێزە ڕامیاریەکان لەو ماوەیەدا دامەزراون و تێکۆشانی دبلۆماسی و چەکداری خۆیان دژی حکومەتی عێراق بەڕێوە بردووە لە پێناوی بەدەست هێنانی مافەنەتەوەییەکانی گەلی کورد.[51] دیاردەی فرەیی ڕامیاری لەنێو بزاوتی ڕامیاری کوردی کاریگەری هەبوە لەدروستکردنی دیدوبۆچوونی جیاواز، بەمشێوەیە هەریەک لە پارت وهێزە ڕامیاریەکان دروشمێکی جیاوازیان بۆچارەسەری بنەڕەتی پرسی کورد هەڵگرتبوو، بۆنموونە لەکاتێکدا پارتی دیموکراتی کوردستان هەڵگری دروشمی ئۆتۆنۆمی بوو، ئەوا یەکێتی نیشتیمانی کوردستان داوای مافی چارەی خۆنۆسینی دەکرد و پاسۆکیش دروشمی دامەزراندنی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستانی بەرزکردبۆوە. لەبەرئەوەی بەشێک لە پارت وهێزە ڕامیاریەکان نەیانتوانیوە سەربەخۆیی خۆیان لە کاروتێکۆشانی ڕامیاریدا بپارێزن، ئەوا فشاری دەوڵەتانی هەرێمی و هێزو لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکانی تری دەوڵەتانی سەردەستی کوردستان کاریگەری گەورەیان لەسەر داناون. ئەکرێت یەکێک لە هۆکارەکانی پاشەکشەی پارت وهێزە ڕامیاریەکانی باشوری کوردستان لە دروشمی سەربەخۆیی ڕامیاری لەژێر ئەوفشارانەدا ڕوویدابێت کە ئاماژەیان بۆکراوە، بەوەش دابڕانێکیان لە نێوان خۆیان و جەماوەری سەربەخۆخوازی کوردستاندا دروستکردووە سەرباری ئەو ناکۆکی و لێکدابڕانەی نێوان خۆیان.[52]

**ئەو شێوازە لە فرەیی ڕامیاری کە لەبزاوتی کوردیدا هەبوە وایکردووە لەئەنجامدا دامەزراندنی چەندین ڕێکخراوو گروپ و کۆمەڵەو پارت وهێزی ڕامیاری بێنە ئاراوە، بەمشێوەیە ناکۆکی و بۆشایی نێوان هێزو لایەنەکان بۆتە هۆی ئەوەی کە گەلیش بەسەر لایەنەکاندا دابەش ببێت. هەروەک چۆن لە ڕابردوودا کۆمەڵگە بەسەر خێڵ و تیرەی جیاوازدا دابەش ببوو. سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆیی و بێتوانایی هیزە ڕامیاریەکان بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی پتەوی کوردستانی هەڕەشەیەکی ڕاستەقینە نەکهەر لەسەر ئامانجە سەرەکیەکەی بزاوتی ڕزگاری گەلی کورد دروستکردووە، بەڵکو یەکێکیشە لە مەترسیە سەرەکیەکانی سەر**

---

[47] . هەمان سەرچاوە.

* . هێمایە بۆ ماوەی یەکەمی قۆناغی هاوچەرخی بزاوتی ڕامیاری کوردی لە باشوری کوردستان.

[48] . جليلى جليل والآخرون، الحركة الكردية في العصر الحديث، ت.د. عبدي حاجى، ط ٢، دار أراس للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠١٣، ص ٤٨١.

[49] .ادوڵد دوبيفشكي، الحزب القوة التي توحد وتبدل المجتمع، مجلة الثقافة الجديدة، العدد٦١-ايار ١٩٧٤، ص٦٦.

[50] .ئاماژەیە بۆ ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی باشوری کوردستانە.

[51] . محمد صابر كريم،المصدر السابق، ص١٣٣.

[52] . مەحمود مەلا عزەت، بازنەکانی ململانێ و ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی کورد،چ٢، سلیمانی ، ١٩٩،لا٤٣.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.9
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**ئاسایشی نەتەوەیی گەلی کورد. هێزو لایەنە کوردستانیەکان نەیانتوانیو ستراتیژێکی ئاشکرای ڕامیاری و سەربازیان بۆ ئەو قۆناغەو داهاتووی کوردستان هەبێت.[53]**

هەرچەندە یەکێتی نێوان پارت وهێزە ڕامیاریەکان تەواو بەمانای یەکێتی تەواوی گەلی کورد نەبوو، لەبەر ئەوەی ناکرێت بوترێت پارت وهێزە کوردیەکان یەکسان بوون بە هەموو کۆمەڵگە بەڵکوئەوان نوێنەرایەتی بەشێکی کۆمەڵگەیان دەکرد، بەڵام ئەمە هیچ لەو ڕاستیە ناگۆرێت کە پەرشوبڵاوی پارت وهێزە ڕامیاریەکان کاریگەری نەرێنی لەسەر گەلی کورد هەبوە و، یەکێتی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی پەکخستوە. ئەم پەرش و بڵاویەش دەرفەتی بۆ هێزو لایەنە ناوخۆیی و دەرەکیەکان ڕەخساندووە تاوەکو بەئاسانی ئەجندای خۆیان تێکەڵ بەناکۆکی نێوان لایەنە ڕامیاریەکانی نێو بزاوتی کوردی بکەن.[54]

کێشەی گەورەی فرەیی پارت وهێزە رامیاریەکان لە بزاوتێکی ڕزگاریخوازیدا ئەوکاتە سەر هەڵئەدات کە پارت وهێزە ڕامیاریەکان سەربەخۆ نەبن، "لەبەر ئەوەی ئەو پارت وهێزانەی کە گرێدراوی هێزە دەرەکیە دژەکانن ناتوانن سەربەخۆییانە بڕیار بدەن، ئەوەش گرفتێکی تر بەدوای خۆیدا دەهێنێت، کە بریتیە لەوەی ناتوانن لەگەڵ پارت وهێزەکانی تر یەکێتیەک پێکبهێنن کە زۆر پێویستە بۆ قۆناغی تێکۆشانی ڕزگاریخوازی، ئەوەش ئەوەدەگەیەنێت کە ڕێککەوتن لەسەر بەرنامەو نەخشە ڕێگایەکی کارکردن کارێکی ئاسان نیە". بەشێکی پارت وهێزە ڕامیاریەکانی ناو تێکۆشانی چەکداری ڕزگاریخوازی کوردی پێیانوابووە کە بەبێ هاوکاری دەرەکی ئەگەری سەرکەوتنیان نابێت، واتە متمانەیان بەوەنەبوە کە بتوانن بە پشت بەستن بە توانا خودیەکانیان درێژە بەخەبات بدەن. لە کاتێکدا ئەگەر لە جیاتی ئەوەی بیر لە هاوکاری دەرەکی بکردایەوە هەوڵی یەکێتی بزاوتە ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و کلتوریەکان بدایە بێگومان دەیانتوانی زیاتر ببنە هێزێکی کاریگەر.[55]

سروشتێکی گرنگی تری دیاردەی فرەیی ڕامیاری لەماوەی تێکۆشانی چەکداری ڕزگاریخوازی هاوچەرخی کوردیدا، بریتی بووە لە هەبوونی ناتەبایی ڕامیاری و ناکۆکی پارت وهێزە جیاجیاکانی ناو ئەم بزاوتە. ئەو ناکۆکیانەش ڕیشەیەکی مێژوویی هەبووە و، قۆناغ بە قۆناغ لە گەڵ بزاوتی ڕامیاری کوردیدا گەشەی کردووە، هەرلەوکاتەوەی کە بزاوتەکە لە لایەن کەسایەتیە ئاینی و سەرۆک خێڵەکانەوە ڕابەرایەتی دەکرا تادەگاتە ئەو لێکترازانانەی کە لەنێو ڕیزەکانی پارت وهێزە ڕامیاریەکاندا ڕوویانداوە. بەمشێوەیە نەبوونی هەماهەنگی نێوان پارت وهێزەکان هەمیشە بەزیان بۆ بزاوتی کوردی شکاوەتەوە، لەبەرامبەردا دەوڵەتی عێراق و دەوڵەتانی تری سەردەستی کوردستان سودیان لێ بینیوە تا لەو ڕێگەوە هاوکاری یەکتربن بۆ نەهێشتنی مەترسی کورد.[56]

ئەوەی لەسروشتی بزاوتی کوردیدا جێگەی سەرنجە نەبوونی چینێکی ڕابەرو خاوەن هەژموونە لە جڤاکی هاوچەرخی کوردەواریدا، کە ئەوەش بوەتەهۆی نەبوونی یەکێتی ڕامیاری لەسەرکردایەتی خەباتی ڕزگاریخوازی کوردیدا. ئەگەرچی لە کۆتایی جەنگی جیهانی دووەمدا و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو( تا ئەوکاتەی کاژیک لەدایک ئەبێت) بزاوتی نەتەوەیی کورد بەڕووکەش لەلایەن پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ڕابەرایەتی دەکرا، بەڵام دواتر "کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوە و یەکێتی کورد(کاژیک) وەک هێزی سێهەم دامەزرا، بەهۆی ئەوەی لەلایەک پارتی کۆمۆنیستی عێراق بڕوای بەتێکۆشانی نەتەوەیی گەلی کورد نەبوو، هەروەها پارتی دیموکراتی کوردستانیش لە جیاتی دروشمی سەربەخۆیی دروشمی ئۆتۆنۆمی هەڵگرتبوو" [57].

وەک ئاماژەی پێدرا لەقۆناغێکی دیاریکراودا پارتێکی نەتەوەیی بانگەشەی ڕابەرایەتی کردنی بزاوتی ڕامیاری کوردی کردووە، بەڵام دواتر دەرکەوت کە ئەم پارتەش نەیتوانی بەتەواوی وەڵامدەرەوەی پێویستیەکانی بزاوتی ڕزگاریخوازی کورد بێت لەوسەردەمەدا، چ لەسەر ئاستی نەتەوەیی کوردو چ لە چوارچێوەی باشوری کوردستان لە سنوری دەوڵەتی عێراقدا. لێرەوە دەردەکەوێت کە کێشەکانی پارتی کوردی لەوسەردەمەدا جگە لە نەبوونی ڕێکخستنێکی بەهێز و نارونی لە دارشتنی دیدو بۆچونە فیکری وڕامیاریەکان، ئەوا ململانێ لە نێوان ئاراستە جیاوازەکان لەسەر ئەوەی کێ ڕێبەرایەتی بگرێتە دەست. لە ناوڕیزەکانیانداو، تۆڵەسەندنەوەی هۆزگەرایی وسەرهەڵدانی هەستی خێڵەکی وناوچەگەری تەواو گەشەیان سەندبو و باوو باڵادەست بوونە، هەموو ئەوانەش وایانکردووە کە کێشە ناوخۆییەکانی پارت وهێزە کوردیەکان بەردەوام ببنەهۆی لاوازبوونی پارتی دایک و، لە ئەنجامیشدا لێکترازان ڕوویداوەو چەند هێزێکی ڕامیاری نوێ لەدایک بوون. وەک لەدواییدا دەرکەوت چەندین پارت وهێزی ڕامیاری لە سەرشانۆکە دەرکەوتوون، لە ئەنجامی توێژینەوەی بابەتیانە لەسەریان ئەوە دێتە دەرکەوتن کە جیاوازیەکی ئەوتۆ لە پەیڕەو و

---

53 . هەمان سەرچاوە، لا ٩٨و ٩٩.
54 پولات جان، آفاق الحل، مرکز غزل نوس للنشر والطباعة، کتاب الاول، ط٢،السلیمانیة،٢٠٢١، ص١١٨.
55 . پولات جان، المصدر السابق، ص ص١١٦و١١٨.
56 . جلیلی جلیل والآخرون، المصدر السابق، ص٤٨٢.
57 .زانا فەقێ، پارتی سۆشیالیستی کورد- پاسۆک(١٩٧٥-١٩٩١)،٢٠١٨،لا٥٦.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.9
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

پرۆگرامیاندا بوونی نەبوە. لەمپێوەندەدا بەشێک لەو پارت وهێزانە بۆماوەیەکی کاتی دەردەکەوتن و دواتر بەتەواوی لاواز ئەبون یان دیار نەمان. هەرلەم چوارچێوەیەدا جێگەیخۆیەتی بووترێت کە "خەسڵەتی جێگیرو هەمیشەیی بزاوتی کوردی بریتی بووە لە پەرش و بڵاوی و پارچەبوون و لێکترازانی ڕامیاری کە وەک دەردێکی کوشندەو بێچارەسەر بزاوتی ڕزگاری کورد گیرۆدەی بووە ، ئەوەش نیشانەی ئەوبوو کە بزاوتەکە لەقەیرانێکی قوڵدابوەو تواناى ئەوەی نەبوو هەموو تواناکانی یەکبخات لە پێناوی بەدیهێنانی ئامانجەکانیدا".[58]

وەک پێشتر توێژینەوەی لێکرا، فرەیی ڕامیاری لە بزاوتی کوردی هاوچەرخدا خاوەنی سروشتێکی ناکۆک و ناتەباو پێکەوە هەڵنەکردووە، ئەو ناتەباییەش زیاتر وەک نەریتێکی ئەو فرەییە لەکۆمەڵگەی کوردیدا بینراوە، نەک وەک ناکۆکی لەبیری سیاسی و ئایدۆلۆژی و شێوازەکانی ڕێکخستن وخەبات لە نێو پارت وهێزە ڕامیاریەکاندا. ناکۆکی نێو پارت وهێزە ڕامیاریەکان تەنانەت لەنێو باڵە جیاوازەکانی یەک پارت یان یەک هێزیشداسەری کێشاوە بۆ شەڕی خوێناوی و قوربانی زۆری لێکەوتوتەوە. بەوەش زیانی زۆری بە بزاڤی نەتەوەیی ڕزگاریخوازی کورد گەیاندوەو دەرفەتی بۆ ڕژێمە داگیرکەرەکان ڕەخساندووە تا زیاتر کورد قڕبکەن و کوردستان وێران بکەن.[59]

هەرچەندە پارت وهێزە ڕامیاریەکانی باشوری کوردستان خۆیان بە زادەی پێویستی ئەو قۆناغە زانیوە کەتیایدا دامەزراون و پارت و هێزەکانی تریشیان بە زیادەو پیلانئامێز زانیوە بۆ ڕێگری کردن لە تێکۆشان و گەیشتن بە ئامانجەکان. ئەوا ئەو پارت وهێزانە بە گیانی شەڕی کۆنەقین و دژایەتی یەکتر مامەڵەیان لەگەڵ یەکتر کردووە. هەریەکەیان سەرکەوتنی خۆی لەشکستی ئەویتردا دەبینی، هەربۆیە فرەیی لە پارت و هێزەکان کە لەباشوری کوردستان و لەشاخدا سەریهەڵداوە، دەتوانرێت بەقۆناغی شەڕی پارت و هێزەکان ناو ببرێت.[60]

لەسەر ئەوەی توێژینەوەی لێکراوە، ئەتوانرێت بوترێت کە بزاوتی کوردی بەدرێژایی ئەو مێژووەی لەپێناوی گێرانەوەی مافەکانی نەتەوەی کورددا دەستی بە تێکۆشان کردووە، خاوەنی جۆرێک لە فرەیی ڕامیاری بووە، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی پارت و هێزە ڕامیاریەکاندا، دیاردەیەکی نوێ لەژیانی ڕامیاری کۆمەڵگەی کوردیدا دێتەدەرکەوتن کە بریتیە لە فرەیی لە پارت و هێزی ڕامیاری. بەڵام ئەم فرەییە لە بزاوتی کوردیدا نەیتوانیوە لەسەر ڕێچکەیەکی تەندروست بڕوات، بەڵکو زیاتر لێکەوتەی نەرێنی لەسەر بزاوتەکەو کۆمەڵگەش داناوە. سروشتی ئەو فرەییە لە پارت و هێزی ڕامیاریش بریتی بووە لە ناکۆکی و لێکترازان و کارکردن بەشێوازی سەربەخۆو دور لەیەک. پارت و هێزە ڕامیاریەکان سەرکەوتنی خۆیان لەشکشتی ئەویتردا بینیوە لەبەر ئەوە بەردەوام لەململانێدا بوون تا ئەوەی هەندێکجار پێکدادانی چەکداری و قوربانی گیانی زۆری لێکەوتوتەوە..

**توێژینچەی دووەم/ پەرەسەندنەکانی بزاوتی کوردی لەباشور لەماوەی یەکەمی فرەیی ڕامیاریدا**

بزاوتی کوردی بەگوێرەی بارودۆخە خودی و بابەتیەکان بەردەوام لە هەڵکشان و داکشاندابووە لەڕووی ئەو توانا و ئامانجانەی کە لەپێناویاندا تێکۆشانی کردووە، بەمشێوەیە لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا بزاوتی کوردی لەباشوری کوردستان زەمینەی دەرکەوتن و هاتنە ئارای فرەیی ڕامیاری بۆ ڕەخساوە، ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە سەرکردەکانی بزاوتەکە و کەسایەتیە ڕۆشنبیرو ڕامیاریە نیشتمان پەروەرەکان هەوڵی دامەزراندنی چەندین کۆمەڵەو ڕێکخراوی ڕامیاری جیاوازیان داوە. هەروەک لەقۆناغی دواتریشدا بەتایبەت لەکۆتایی دەهەی پەنجاکان و سەرەتای دەهەی شەستەکانی هەمان سەدەدا مۆدێلی دامەزراندنی پارت و هێزی ڕامیاری جیاواز سەرهەڵئەدا کە کاریگەری گرنگ و بەرچاویان لەسەر بزاوتی کوردی داناوە.

وەک دەستپێک بۆ بنەڕەتی تێکۆشانی بزاوتی ڕامیاری کوردی بەشێوازێکی ڕێکخراو، پێویستە ئاماژە بە دامەزراندنی کۆمەڵەو ڕێکخراوە ڕامیاریەکان بکرێت، ئەوەش لەبەر دوو هۆکار، یەکەم دامەزراندنی ئەو کۆمەڵەو ڕێکخراوانە پێشکەوتنێک بوو کە بزاوتی کوردی بەخۆیەوە بینیوە، دووەم کاریگەریان لەسەر قۆناغی دواتری خەباتی بزاوتی ڕامیاری کورد هەبوە، لەو ڕووەوە کە دواتر ڕۆشنبیران و چالاکانی ڕامیاری کورد بیریان لە دامەزراندنی پارت و هێزی ڕامیاری کردۆتەوە وەک پێویستیەکی

---

[58] . پرۆفیسۆر م.س لازەریف، کوردو کوردستان فاکتەرەکانی دروستبونی کێشەکە، و.د. جەبار قادر، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٠، لا٦٨و٦٩.
[59] . هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا٦٩.
[60] . شیلانی حاجی شەریف، ناکۆکی و شەڕی ناوخۆیی پارتە سیاسیەکانی کوردستانی باشور لەساڵانی (١٩٧٥- ١٩٩٢)،چ٢، ٢٠٢١، لا١٣٨.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.9
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

قۆناغەکە. دامەزراندنی پارت و هێزە ڕامیاریەکان ئەگەرچی هۆکارێکیش بوە بۆ دابەشبوونی کۆمەڵگەو قوڵبوونەوەی جیاوازیەکان، بەڵام بە دیوێکی تردا نیشانەی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگەیە بوە.[61]

ئەگەرچی دیاردەی پارت و هێزی ڕامیاری سەرتاسەری نوێئامێز لە باشوری کوردستاندا زیاتر تایبەتە بە ماوەی نێوان هەردوو جەنگە جیهانیەکە، بەڵام قۆناغی دوای جەنگی جیهانی دووەم ئەو قۆناغەیە کە تیایدا سەرهەڵدانی پارت و هێزی ڕامیاری نوێی جیاواز لەوەی کەلە قۆناغی پێشتردا هەبوون هاتوتە بوون و دامەزراندنەوە، ئەوەش بەهۆکاری بەرەو پێشچونی بزاوتی ڕزگاریخوازی کورد و ئەو گۆڕانانەی کە بەخۆیەوە دەبینی، کە بەرەو بزوتنەوەیەکی جەماوەری پێشکەوتوخواز هەنگاوی دەنا. بۆ ئەو قۆناغە بزاوتی ڕزگاریخوازی کورد پێویستی بە جۆرە پارت و هێزێک هەبوە کە بتوانێت پێشەنگایەتی جەماوەربکات و خاوەنی خەسڵەتی دیموکراسی شۆڕشگێری بێت و، گوزارشت لە پێویستیەکانی ئەو پێشکەوتنە کۆمەڵایەتیە بکات کەهەبوون بۆ ڕزگاری نیشتمانی.[62]

لەوێوە کە قۆناغی دەرەبەگایەتی لەکۆمەڵگەی کوردیدا قۆناغێکی دورودرێژ بووە و ماوەیەکی زۆری خایاندووە، بەجۆرێک کەکاریگەریەکانی زیاتر ڕەگیان داکوتیوە و شوێنەواریان بەسەر قۆناغی نوێی ئەم کۆمەڵگەیەدا بەڕوونی و قووڵی داناوە، ئەوا لەسەر ئاستی ڕامیاریش ئەو سیستەمە* ڕێگربووە لە یەکخستنی گەلی کورد و کۆکردنەوەیان لە ژێر یەک ئاڵادا، تا بتوانن داکۆکی لە نیشتمان بکەن و ڕێگری لە هەڕەشە دەرەکیەکان بکەن. هەروەها ئەو سیستمە ڕێگر بووە لەوەی کە هەستی نەتەوەیی بە مانا نوێیەکەی گەشە بکات، بەجۆرێک کە بتوانێت هەموو ڕۆڵەکانی توێژە جیاوازەکانی گەلی کورد یەکبخات بۆ داکۆکی کردن لە کوردستان. لەبەرئەوە دامەزراندنی پارت وهێزی ڕامیاری لە بزاوتی کوردیدا پێویستیەکی لۆژیکی بوە بەرامبەر ئەو پێشکەوتنە کۆمەڵایەتیەی کە هاتبووە کایەوە، ئەوەش لە پێناوی ڕێکخستن و سەرکردایەتی کردنی هێزە شۆڕشگێرو دیموکراسیەکان.[63]

هەرچەندە لەماوەی نزیکەی پانزە ساڵی تەمەنی خۆیدا(١٩٤٦-١٩٦٠) پارتی دیموکراتی کوردستان بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ڕابەرایەتی تەواوی بزاوتی ڕزگاریخوازی کورد لە باشوری کوردستان دەکات، ئەوەش لەلایەک بەهۆی ئەوەی زۆربەی هەرەزۆری ئەندامانی لقی ژێکاف( کەدواتر بوو بە حزبی دیموکراتی کوردستان) پەیوەندیان کرد بەڕیزەکانی ئەو پارتەوە؛ لە لایەکی تریشەوە ئەوە ئاماژەیەک بوە بۆ ئەوەی کە پارتی کۆمۆنیستی عێراق گوزارشتی لە خواستی نەتەوەیی کوردان نەدەکرد، هەرچەندە ژمارەیەک ئەندامی کوردیشی تیادا بوو. لە بەرامبەر ئەو بانگەشەیەی پارتیشدا دیسان کەسانێکیتر هەبوون باوەڕیان وابوو کە پارتیش لە ڕێچکەی بەدەستهێنانی ئامانجە باڵاکانی نەتەوەی کورد لایداوەو لە جیاتی خواستی سەربەخۆیی دروشمی تری هەڵگرتووە.[64]

لەمپێوەندەدا گرنگە پێشئەوەی ئاماژە بە هەوڵەکان لەدەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بکرێت بۆ دامەزراندی هێزێکی ڕامیاری نوێ، ئاخاوتن دەربارەی ئەو جیاوازی و ناکۆکیانە بکرێت کە لە ناو خودی ئەم پارتەدا هەبوون. بەمشێوەیە سەرباری ئەوەی کە هەریەک لە مەلا مستەفا بارزانی و ئیبراهیم ئەحمەد سەربە دوو چینی جیاوازی کۆمەڵگەی کوردی بوون، ئەوا جیاوازی زۆریش هەبوو لە نێوانیاندا سەبارەت بەو پێشهات و ڕووداوانەی لەو سەردەمەدا ڕوویان داوە. لێرەوەیە کە مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان[65] سەبارەت بەو ناکۆکیانە دەڵێت" پارتی کۆمۆنیست لە ڕۆژنامەکەیاندا بڵاویان کردبووەوە کە من پەیوەندیم لەگەڵ عەرەبە نەتەوەییەکاندا هەیە و ڕێککەوتنم لەگەڵیاندا کردووە بۆ ئەنجامدانی کۆدەتا دژی ڕژێمەکەی قاسم. ئەوەیان بە عەبدولکەریم قاسمیش وتبوو. دیارە عەبدولکەریم قاسمیش ئەو چیرۆکەی بۆ بارزانی گێراوەتەوەو بەوەش تادەهات نێوانمان لەگەڵ بارزانی ساردتر دەبوو". لەلایەکی تریشەوە کاتێک پارتی هەوڵی ئەوەی ئەدا مۆڵەتی کارکردن لە حکومەتی ئەوکاتی عێراق وەربگرێت * بۆ ئەوەی بەفەرمی بناسرێت مامۆستا ئیبراهیم ئاماژە بەوە دەدات کە "ناکۆکی لە نێوانی خۆی و بارزانیدا دروستبووە. ناکۆکیەکەش پەیوەندی بە گۆڕینی هەندێک برگەی پرۆگرامی پارتیەوە هەبوو. هەرچەندە سکرتێری پارتی خۆی دەستی هەبوو لە نوسینی ئەو پرۆگرامەدا، بەڵام بەهۆی ئەوەی بارزانی هەوڵی ئەوەی ئەدا دڵی عەبدولکەریم قاسم

---

61. مسعود عبدالخالق، ناسنامەی حزبە کوردستانیەکان ڕەوتیان- ئایدۆلۆژیان- هەڵسەنگاندنیان، چ٢، هەولێر،٢٠١٤، لا٦٨.
62. هەمان سەرچاوە، لا ٢٧٦.
*. هێمایە بۆ سیستەمی دەرەبەگایەتی.
63. جەلال تاڵەبانی، کوردستان و بزاڤی نەتەوەیی کورد، و. خالید مەجید فەرەج، سلێمانی، ٢٠٢١، لا٢٧٥.
64. حوسێن محەمەد عەزیز، پێنج کاتژمێر لەگەڵ برایم ئەحمەد، ١٩٩٥،لا١١.
65. جێگای ئاماژە بۆکردنە کە ناوبراو تاساڵی١٩٦٤ سکرتێری پارتی بوە.
*. مەبەست لە حکومەتی عەبدولکەریم قاسمە لە ١٩٥٨-١٩٦٢.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.9

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (8) – العدد(2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

ڕابگرێت، بەبێ ئەوەش ئیجازەیان نەدەداینێ، واتە پارتەکەمان لەڕووی یاساییەوە نەدەناسرا ناچار هەندێکیمان پەسەندکرد". ناکۆکیەکانی ناو ڕیزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لەو قۆناغەدا گوزارشت لەو گۆڕانکاریە دەکات کە بزاوتی کوردی بە خۆیەوە بینیوە لەو قۆناغەدا. ئەو توێژە ڕۆشنبیرو خوێندەوارەی کورد پێیانوابوە سەردەمێکی نوێ هاتۆتەپێشەوە کە ناکرێت چیدیکە سەرکردایەتی کلاسیک بەتەنها بڕیارە چارەنوسسازەکان بدات، هەرچەندە خۆشیان تائەوکاتە ئەوەندە متمانەیان بە خۆیان نەبوو کە بتوانن بەتەنها ئەوکارە بکەن.[66]

بەمشێوەیە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەن دەستەیەک لە کەسانی مەدەنی و ڕۆشنبیرو خوێندەوارەوە، کەزۆربەیان جگەلەوەی خوێندنی زانکۆیان تەواو کردبوو، ئەوا لە تێکۆشانی ڕامیاریشدا ئەزمونیان هەبوە، ئەوانە پاشخانێکیان لە کاری نهێنی و بەندکردن و ڕاوەدوونان هەبوە لەبەر ئەوە خۆیان بەشیاوی ئەوە دەزانی ئەوانیش سەرکردایەتی پارتەکەو تەنانەت بزاوتی ڕزگاریخوازی کوردیش بکەن و لە داهاتوودا ببنەجێگرەوەی سەرکردە کلاسیکیەکان کە پێشتر ئەو کارەیان لە ئەستۆدا بووە.[67]

دیارە لەدەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستانیش هەوڵی دامەزراندنی پارت و هێزی ڕامیاری نوێ هەبوە، یەکێ لەو هەوڵانەش دامەزراندنی کۆمەڵەی ئازادی و ژیانەوەی یەکێتی کورد (کاژیک)بوە* سەرکردەکانی کاژیک بڕوایان وابوو "کە پێش ئەوان پارت و هێزێکی ڕامیاری نەبوە کە لەسەر بناغەی بیرو باوەڕێکی نەتەوەیی ڕێکخروا دامەزرابێت. بۆیە نەتوانراوە شۆڕشێکی هزری بەرپابێت و ئامانجەکان بەدەستبهێنن"[68]. لەقۆناغێکی دواتردا هەوڵێکیتر ئەدرێت بۆ دامەزراندنی ڕێکخراوێکی چەپی(مارکسی-لینینی)، دامەزرێنەرانی ئەم ڕێکخراوەش ئامانجیان ئەوەبوە کە ڕێکخراوەکەیان بەشێک نەبێت لەو شەڕە براکوژیەی لە نێوان دوباڵەکەی پارتی( پارتی دیموکراتی کوردستان و مەکتەبی سیاسی) هەبوو. ئەوان باوەڕیان وابوو کە پارتی دیموکراتی کوردستان بەهەردوو باڵەکەیەوە ناتوانێت قۆناغی ڕزگاری نیشتیمانی تەواوبکات، لە ئەنجامدا لە ١٩٧٠/٦/١٠ کۆمەڵەی مارکسی لینینی کوردستان دادەمەزرێت [69]. خاڵێکی گرنگ کە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت بریتیە لەوەی کەلە نێو ڕیزەکانی کۆمەڵەشدا ناکۆکی لەسەر گۆڕەپانی ڕامیاری ڕیکخراوەکە هەبوە، ئایا ڕێکخراوەکە عێراقیە یان کوردستانی، کە ئەوەش گوزارشت بوو لە هەبوونی ڕای جیاواز لەسەر دیاری کردنی چۆنێتی پەیوەندیەکانی ڕێکخراوەکە لەگەڵ هێزە عێراقیەکاندا، هەروەک پێشتریش دوباڵەکەی پارتی جیاوازیان هەبوو لەسەر شێوازی پەیوەندیەکانی حزب بە حکومەت و هێزە عێراقیەکانەوە. [70]

لەم چوارچێوەیەدا جێگەی خۆیەتی بوترێت کە پارت و هێزە ڕامیاریە کوردیەکانی قۆناغی دوای جەنگی جیهانی دووەم، سەرەڕای ئەوەی کە توانیویانە گۆڕانکاری بکەن لە ڕابەرایەتی بزاوتی ڕزگاری خوازی کوردیدا، ئەوا سەرکەوتوش بوون لەوەی کە توێژی ڕۆشنبیران و خوێندکاران و لاوان بهێننە پێشەوە و بەر پرسیارەتی گەورە لە ئەستۆ بگرن، لە هەمانکاتیشدا گۆڕانێکی گەورەش بەسەر دروشمی بزاوتەکەدا هاتوە. زۆربەی ئەو پارت و هێزە ڕامیاریانەی کە لەسەرەتای ئەو شێوازەی خەباتدا سەریانهەڵدا، داوای یەکێتی تێکۆشانی هێزو لایەنە کوردیەکانیان ئەکرد لە پێناوی ڕزگاری گەلی کورددا. لەپاڵ ئەوەشدا ئەوانەی لەژێر کاریگەری ئاراستەی چەپدا بوون، ئەوا دروشمی دژایەتی کردنی ئیستعمار و دواکەوتەیی (الاستعمار والرجعیە) یان هەڵگرتبوو، ئەوان پێیانوابوو کە دابەشکردنی خاک و خەڵکی کوردستان بە پیلان و چاوچنۆکی ئیستعمار بووە، هەربۆیە پێویستە دەست بەتێکۆشان بکرێت لە پێناوی بەدەست هێنانی مافی چارەنووس و ڕزگار کردنی کوردستان.[71]

سەبارەت بەگرنگترین و بایەخدارترین ئەوگۆرانکاری و پەرەسەندنانەی کە فرەیی ڕامیاری لە بزاوتی کوردیدا لەماوەی یەکەمی قۆناغی هاوچەرخیدا هێناویەتیە ئاراو بەرهەمیهێناوە پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە ئاماژەیان پێبدرێت:

یەکەم/ گۆڕان لە شێوازی تێکۆشاندا: پارت و هێزە ڕامیاریە کوردیەکان وەنەبێت هەر تێکۆشانی ڕامیاری و مەدەنیان بەڕێوەبردبێت، ئەوەش لەبەرئەوەی کە تێکۆشانی مەدەنی پێویستی بە بارودۆخێکی گونجاو زەمینەیەکی لەبارو کەشێکی

[66] . کۆمەڵە لە سێدارەوە بەرەو ڕاپەڕین، دەزگای جاپ و پەخشی حەمدی، لەبڵاوکراوەکانی ناوەندی مێژووی(ی.ن.ک)، ٢٠١٢، لا٢٢.
[67] . سەلاح ڕەشید، سەرچاوەی پێشوو، لا٣٢.
* . جێگای ئاماژەبۆکردنە کە (کاژیک) لەساڵی ١٩٥٨دا دامەزرا.
[68] . کاژیک نامە،چ٥، کوردستان، ٢٠٢١، لا١٠٧.
[69] . کۆمەڵە لە سێدارەوە بەرەو ڕاپەڕین، سەرچاوەی پێشوو،لا١٣٩.
[70] . هەمان سەرچاوەی،لا ١٦٣
[71] . د. حامد محمود عیسى، القضية الكردية في العراق من الإحتلال البريطاني إلى الغزو الأمريكي ١٩١٤-٢٠٠٤، عربية لطباعة والنشر، ٢٠٠٥، ص٧١.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.9
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

دیموكراسی هەیە، بەڵام حكومەتەكانی دەوڵەتی عێراق بەردەوام فشارەكانیان بۆ سەر گەلی كورد زیاتر كردوە. لەئەنجامیشدا لە باشوری كوردستان هاوشان لەگەڵ تێكۆشانی دیبلۆماسیدا، بەرخودانی چەكداریش هاتۆتەكایەوە وەك وەڵامدانەوەیەك بۆ سیاسەتی لكاندنی باشوری كوردستان بەو دەوڵەتەوە، وەك دەوڵەتێكی نەتەوەیی عەرەبی بەبێ لەبەرچاوگرتنی مافە نەتەوەییەكانی گەلی كورد. پارت و هێزە رامیاریە كوردیەكان توانیویانە لە ناوشارو شارۆچكەكان هانی گەنجان بدەن بۆ ئەوەی پەیوەندی بەشۆڕشەوە بكەن، بەوەش بوون بە پاڵپشت و سەرچاوەی دابین كردنی هێزی مرۆیی بۆبزاوتەكە.[72]

دووەم/ پەرەسەندنی ئایدۆلۆژی لە بزاوتی كوردیدا: لەوێوە كە پارتی رامیاری سود لە ئایدۆلۆژیا وەدەگرێت بۆ رێكخستنی پەیوەندی نێوان ئەندامەكانی و جیهانبینیان و پەیوەندیان بەدیاردە و ئامانجە رامیاری و ئابوری و كۆمەڵایەتیەكان و هەڵوێستیان بەرامبەر پارت و هێزەكانی تر. ئەوا پارت و هێزەكان ئایدۆلۆژیایان وەك ستراتیژێكی دورمەودا بینیوە كە لەرێگەیەو هەرپارت وهێزێك گوزارشتی لە شوناسی خۆی كردوە.[73]

بەزانینی ئەو راستیەی كە زۆربەی پارت و هێزە رامیاریە كوردیەكان بانگەشەی ئەوەیان كردوە كە ئەوان وەك پێویستی شێوازی تێكۆشانی قۆناغەكەی خۆیان سەریانهەڵداوە، بەڵام هەندێك لەو پارت و هێزانە لەژێر كاریگەری ئایدۆلۆژیای جیاوازدا بوون، هەرچەندە هەر ئایدۆلۆژیایەك بەرێژەی جیاواز كاریگەری لەسەر پاراستنی یەكێتی پارتەكەی هەبووە، بەڵام ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی زیاتر لەهەریەك لە ئایدۆلۆژیای چینایەتی یان ئاینی و بۆرجوازی رۆڵی بینیوە.[74]

سەبارەت بەو ئایدۆلۆژیا جیاوازانەشی كە لە ماوەی یەكەمی فرەیی رامیاریدا لە بزاوتی رامیاری كوردیدا هەبوون،ئەوا گرنگترینیان ئەمانەی خوارەوەن: [75]

A. ئایدۆلۆژیای نەتەوەیی
B. ئایدۆلۆژیای چەپ
C. ئایدۆلۆژیای ئاینی

سێیەم/ بەردەوامیدان بە تێكۆشان لە پێناوی سەربەخۆیی: ئەگەرچی زۆربەی پارت و هێزە رامیاریەكانی باشوری كوردستان پاشەكشەیان لە دروشمی سەربەخۆیی كردو پێیان وابووە بۆ ئەوسەردەمە شتێكی مەحاڵە، بەڵام سەرپاری ئەوەش پارت و هێزی رامیاری هەبوون كە داكۆكیان لەو ئامانجە كردووەو دەستبەرداری نەبوون. لە كۆتایی پەنجاكانی سەدەی رابردوودا (كاژیك) بەدروشمی (كوردستان بۆكورد و یەكسانی بۆ گەل دەستی بە تێكۆشان كردوە)، كە برگەی یەكەمی بەواتای سەربەخۆیی كوردستان دەهات. ئەوەش وەك كاردانەوەیەك بۆ هەڵوێستەكانی حزبی شیوعی كە دانیان بە كورددا نەدەنا وەك نەتەوە، لەهەمانكاتدا پارتی دیموكراتی كوردستانیش كە دروشمی ئۆتۆنۆمی هەڵگرتبوو.[76]

لەمپێوەندەدا پێویستە ئاماژە بەوەشبدرێت كە دوای هەرەسی ساڵی ١٩٧٥، جارێكی تر دەستەیەك لە سەركردەكانی كاژیك بۆ درێژەدان بە رەوتی سەربەخۆخوازی لە بزاوتی كوردیدا و بەردەوامیدان بە ریبازی كاژیك پارتی سۆشیالستی كورد( پاسۆك)یان دامەزراند.[77]

چوارەم/ دامەزراندنی بەرەی كوردستانی: پارت و هێزە رامیاریەكانی باشوری كوردستان هەر لەدامەزراندنیانەوە خۆیان بە جێگرەوەی ئەوانەی پێشخۆیان دەزانی، لەبەرئەوە بەچاوێكی دوژمنكارانەوە لەیەكتریان ئەروانی. هەربۆیە پەیوەندی نێوان ئەو هێز وپارتانە پەیوەندیەكی ناتەندروست و دوژمنكارانە بوو، لەو پێناوەشدا توانایەكی زۆری مرۆیی و مادییان بەفیرۆداوە بەڵام سەرئەنجام زۆربەی ئەو پارت و هێزانە؛ كاتێك سەرجەم ناوچەكانی دەسەڵاتیان لەباشور لەدەستدا و هەستیان بەوەكرد كە لە ئەگەری بەردەوامیدان بەو دۆخە رەنگە نەتوانن درێژە بەمانەوەی خۆیان بدەن [78]، لەبەرئەوە لەساڵی ١٩٨٨ گەیشتنە رێكەوتن و

[72] . عثمان علي، الحركة الكردية المعاصرة، دراسة تاريخية وثائقية، المعهد العالمى للفكر الإسلامي، فيرجينيا،٢٠٠٨، ص٦٦٥.
[73] . . بەرزان فەرەج(بابەك)، حزب و پاراستنی چۆنایەتی هەرەسی جیهانی دووەم، چاپخانەی ئازاد هەورامی، لا٨٤.
[74] . محەمەد گۆران، رەمزی نافیع رۆڵەیەكی هەولێری فیداكاری سەربەخۆیی كوردستان،تاران، ٢٠٢١، لا١٩.
[75] . چاوپێكەوتن لەگەڵ ئەبوبەكر عەلی، سلێمانی، ٢٠٢٢/٥/١٠.
[76] .زانا فەقێ، سەرچاوەی پێشوو ،لا٥٨.
[77] . هەمان سەرچاوە، لا٩٣.
[78] . چاوپێكەوتن لەگەڵ ئاسۆعەلی، سەرچاوەی پێشوو .

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.9
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

المجلد (8) – العدد(2)، كانون الأول 2024
ISSN 2520-7377 (Online), ISSN 2520-5102 (Print)

(بەرەی کوردستانی)یان دامەزراند، بە ئامانجی ئەوەی بتوانن پێکەوە خەبات دژی ڕژێمی عێراق بکەن[79]. ئەگەرچی بڕیاری دامەزراندنی بەرەی کوردستانی کارێکی درەنگ وەخت و پاش شەڕێکیماڵوێرانکەری چەند ساڵە هات، بەڵام هەنگاوێکی باش بوو بۆ ئەوکاتەو قۆناغی دواتریش.[80]

لەسەربنەمای ئەوەی توێژینەوەی لێکرا ئەتوانرێت بوترێت، کە بزاوتی کوردی لەماوەی نوێ و هاوچەرخیدا پەرەسەندنی زۆری بەخۆیەوە بینی، لە گرنگترین ئەو پەرەسندنانەش دامەزراندنی پارتی ڕامیاری سەرتاسەری لە باشوری کوردستان و، بەشداریکردنی چین و توێژە جیاوازەکانی کومەڵگەی کوردی لە ڕابەرایەتی کردنی بزاوتەکەدا. هەروها دامەزراندنی ڕێکخراوو پارتی ڕامیاری سەربەخۆخواز و، لە کۆتاییشدا دامەزراندنی بەرەی کوردستانی لەلایەن زۆربەی هێزو پارتە ڕامیاریەکانەوە.

**کۆتایی و ئەنجامەکان**

بزاوتی ڕامیاری بەگشتی لەماوەی نوێ و هاوچەرخی خۆیدا، کۆمەڵێک خەسڵەتی دیارو تایبەت بەخۆی هەبوە، یەکێک لەو خەسڵەتانەشی بریتی بوە لە فرەیی ڕامیاری. ئەو فرەییەی لەبزاوتی ڕامیاری کوردیدا لەوقۆناغەدا هەبوە، ئەوا ئەم دیاردەیە جیاوازبوە لەو فرەییەی لەو کۆمەڵگانەدا هەبوە کە خاوەنی قەوارەی سەربەخۆی خۆیانن و پەیڕەوی لەسیستمێکی دیموکراسی ئەکە. دیارە ئەو فرەییە ڕامیاریەی کە هەبوە لەهەندێک باردا لە چوارچێوەی پارت و هێزە ڕامیاریەکاندا خۆیان ڕێکخستوە، یان وەک ئاراستەیەکی ڕامیاری جیاواز لەو پارتەی تیایدا تێکۆشانیان کردوە بیریان کردۆتەوە. ئەگەرچی فرەیی ڕامیاری هێمایە بۆ هەبوونی ڕای جیاواز و ئازادی و دیموکراسی، بەڵام ئەم دیاردەیە بەهۆی ئەوەی لەزەمینەیەکی لەباردا گەشەی نەکردوە، ئەوا چەندین کاریگەری نەرێنی قوڵی بەسەر بزاوتی کوردی و کۆمەڵگەی کوردیشەوە بەجێهێشتوە، لەوانە هاتنەئارای چەندین پارت و هێزی ڕامیاری جیاواز و دژ بەیەک بوە و، لەئەنجامی ئەوەشدا شەڕی ناوخۆ سەریهەڵداوە کە توانایەکی زۆری مرۆیی و مادی تیادا بەهەدەردراوە و، بەهۆی ئەوەشەوە بەردەوام بزاوتی کوردی پاشەکشەی کردوە چ لەڕووی تواناکانی و چ لەڕووی ئامانجەکانی. ئاشکرایە کە بزاوتی کوردی لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا بزاوتێکی سەربەخۆخوازبوە و بە ئامانجی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی تێکۆشاوە، بەڵام لەدوای ئەوەی ئاراستەی ڕامیاری جیاواز لەبزاوتی کوردیدا گەشەدەکەن و یەکێتی بزاوتەکە ناهێڵن بەتایبەت لەماوەی نێوان ساڵانی١٩٦٠-١٩٩٠، ئیتر ڕەوتی سەربەخۆخواز بەتەواوی پاشەکشەی پێوەدیار ئەبێت و لاواز ئەبێت، هەرچەندە چەند هەوڵێک دراون بۆ درێژەپێدان و بوژاندنەوەی ئەو ڕەوتە بەڵام هیچیان نەیانتوانیوە بەتەواوی ئامانجەکانیان بپێکن. یەکێکی تر لەخەسڵەتە دیارەکانی بزاوتی ڕامیاری کوردی بریتی بوە لە نهێنی بوون، کە ئەوەش بەهۆی ستەم و سەرکوتکاری ڕژێمی عێراقەوە بوە، هەربەهۆی مامەڵەی دیکتاتۆریانەی ڕژێمەوە بزاوتەکە وەک ڕێگەیەکی ئەڵتەرناتیڤی تێکۆشانی مەدەنی بەناچاری پەنای بۆ تێکۆشانی چەکداری بردوە.

[79] . شیلانی حاجی شەریف، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢٥.
[80] . چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەبوبەکر عەلی، سەرچاوەی پێشوو.


DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.9
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

**سەرچاوەکان**

**یەکەم/ فەرهەنگەکان**

١. د.احمد سعيفان، قاموس المصطلحات السياسية والدستورية والدولية عربي-انجليزي- فرنسي، مكتبة لبنان ناشرون، بيروت، ٢٠٠٤.
٢. د. اسماعيل عبدالفتاح عبدالكافي، الموسوعة الميسرة للمصطلحات السياسية (عربی- انجليزی).
٣. د. ناظم عبدالواحد الجسور، موسوعة علم السياسة، دار مجدلاوي، عمان، ٢٠٠٤.

**فەرهەنگەکان بەزمانی ئینگلیزی**

٤. Charles P.Chadsey And Hrold Wentworth, The Grosset Webster Dictionery, Publishere By Grosset And Dunlap , New York,1979,P .443.
٤.A S Hornby, Oxford Advanced Learner S Dictionery Of Current English, Oxford University Press, Six Edition, 2005.
٥ .Clara Yumatle,pluralism, 2015.
٦ .Konrad Adenaure Stifung, The stae of political pluralism and Democracy at local Government level in Uganda,Areport from an Assessmentof Seven Districts.

**دووەم/ کتێبەکان بەزمانی کوردی**

٧. بەرزان فەرەج(بابەک)، حزب و پاراستنی چۆنایەتی هەرەسی جیهانی دووەم، چاپخانەی ئازاد هەورامی.
٨. زانا فەقێ، پارتی سۆشیالیستی کورد – پاسۆک(١٩٧٥- ١٩٩١)، ٢٠١٨.
٩. جەلال تاڵەبانی، کوردستان و بزاڤی نەتەوەیی کورد، و. خالید مەجید فەرەج، سلیمانی، ٢٠٢١.
١٠ حوسێن محەمەد عەزیز، پێنج کاتژمێر لەگەڵ برایم ئەحمەدد، ١٩٩٥.
١١. سەلاح حسێن ئەفەندی، بۆچی کوردستان نەبووە دەوڵەتێکی سەربەخۆی پێشکەوتوو؟ ٢٠١٧.
١٢. پرۆفیسۆر.م.س لازەریف، کوردو کوردستان فاکتەرەکانی دروستبونی کێشەکە، و.د. جەبار قادر، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلێمانی، ٢٠٠٠.
١٣. سەلاح رەشید، شەڕی ناوخۆی کورد بۆچی سەری هەڵدا؟ چۆن گەشەی کرد، سەرئەنجام، ناوەندی ڕۆشنبیری ئەدیبان، سلێمانی.
١٤. شیلانی حاجی شەریف، ناکۆکی و شەڕی ناوخۆیی پارتە سیاسیەکانی کوردستانی باشور لەساڵانی (١٩٧٥- ١٩٩٢)،چ٢، ٢٠١٨.
١٥. کاژیک نامە،چ٥، کوردستان، ٢٠٢١.
١٦. محەمەد گۆران، رەمزی نافیع رۆڵەیەکی هەولێری فیداکاری سەربەخۆیی کوردستان،تاران، ٢٠٢١.
١٧. مەحمود مەلا عزەت، بازنەکانی ململانێ و ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی کورد،چ٢، سلیمانی ، ١٩٩٩.
١٨. د. واحد عمر محی الدین، دانوستانەکانی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەیی ی کورد و حکومەتەکانی عێراق(١٩٢١-١٩٦٨)،سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ی کوردستان،سلێمانی ٢٠٠٦.

**کتێبەکان بەزمانی عەرەبی:**

١٩. احمد رمزي، الاستعمار الفرنسي في شمال أفريقية
٢٠. أبيا لومبا، الكولونيالية و مابعدها، ت.د.باسل المسالمة، دار التكوين، دمشق، ٢٠١٣.
٢١. بولات جان، آفاق الحل، مركز غزل نوس للنشر والطباعة، كتاب الاول، ط٢،السليمانية،٢٠٢١.
٢٢. بريخشتي كيمب و اخرون، حوار الاحزاب السياسية دليل ميسر الحوار.
٢٣. جليلي جليل ولاخرون، الحركة الكردية في العصر الحديث، ت.د. عبدي حاجي، ط ٢، دار أراس للطباعة والنشر، اربيل، ٢٠١٣.
٢٤. د. حامد محمود عيسى، القضية الكردية في العراق من الإحتلال البريطاني إلى الغزو الأمريكي ١٩١٤-٢٠٠٤، عربية لطباعة والنشر، ٢٠٠٥.

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.9
Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)

٢٥. د.رعد صالح الآلوسى، التعددية السياسية في العالم الجنوب، دارالمجدلاوي للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠٠٦.
٢٦. د. عابد خالد رسول، أثر التعددية المجتمعية في ابنية النظام السياسي وظائفه ، مجلة الدراسات السياسية والامنية ، المجلد الرابع ،العدد السابع، حزيران ٢٠٢١.
٢٧.. عثمان علي، الحركة الكردية المعاصرة، دراسة تاريخية وثائقية، المعهد العالمى لفكر الإسلامي، فيرجينيا،٢٠٠٨
٢٨. فليب برو، علم الاجتماع السياسي، ت.د.محمد عرب صاصيلا، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشروالتوزيع، بيروت ،١٩٩٨.
٢٩. محمد صابر كريم، التعددية السياسية وأثرها على السلطة التشريعية فێ إقليم كوردستان /العراق،اكاديمية التوعية و تأهيل الكوادر، السليمانيى ، ٢٠١٢.
٣٠.محمد قنانش، الحركة الاستقلالية في الجزائر بين الحربين ١٩١٩-١٩٣٩، الشركة الوطنية للنشر والتوزيع، الجزائر،١٩٨٢.
٣١. محمد جمال باروت، حركة قوميين العرب، المركز العربي للدراسات الاستراتيجية ، دمشق، ١٩٩٧.
٣٢. عزيز حسن البرزاني، الحركة القومية الكردية التحررية في كردستان العراق ١٩٣٩- ١٩٤٥، بيروت، ٢٠٠٦.
٣٣. علال لافارسي، الحركات الاستقلالية في المغرب، دار الطباعة المغربية.
٣٤. يوسف بن محمد بن احمد القحطاني، التعددية العقائدية و موقف الاسلام منها، رياض،٢٠١٠.
٣٥. د. نديم البيطار،حدود اليسار الثورى كظاهرة تاريخيية، بيسان للنشر والتوزيع والاعلام، بيروت،٢٠٠٣.

**سێیەم/ بەڵگەنامەو رێککەوتننامەکان**

١٢.الاعلان العالمي لحقوق الانسان، اعتمد بموجب قرار الجمعية العامة ٢١٧ ألف (د-٣ ) المؤرخ في ١٠كانون الأول/ديسمبر ١٩٤٨.
١٣. العهد الدولي الخاص بالحقوق المدنية والسياسية، اعتمد وعرض‌التوقيع والانضمام بموجب قرار الجمعية العامة للأمم المتحدة ٢٢ألف(د-٢١)المؤرخ في ١٦ كانون/ديسمبر ١٩٦٦ تاريخ النفاذ آزار/مارس ١٩٧٦ وفقا لأحكام المادة ٤٩
چوارەم/ بڵاوكراوەكان
٢٢. ادولّد دوبيفشكي، الحزب القوة التي توحد وتبدل المجتمع، مجلة الثقافة الجديدة، العدد٦١-ايار ١٩٧٤.
٣٥. جمال برجي، الفكر الاستقلالي في الحركة الوطنية الجزائيرية من بداية ولغاية سنة ١٩٥١ وردود الافعال الاستعمارية، مجلة مدارات تاريخية، المجلد الاول- العدد الرابع- ديسمبر ٢٠١٩.
٣٦. سلاماني عبدالقادر ، سياسة مبدأ فرق وتسد الفرنسية في تحطيم المجتمع الجزائيري حاضن المقاومة الوطنية ١٨٣٢- ١٨٤٧م، جامعة طاهري محمد بشار،مجلة الساورة للدراسات الانسانية والاجتماعية ، العدد الخامس :جوان ٢٠١٧.
٣٤. كافي سلمان مراد الجادري، الجمعيات ولاحزاب الكردية في العراق ١٩٢١- ١٩٤٧، مجلة الاستاذ، العدد٢٢١- المجلد الثاني لسنة ٢٠١٧.
٣٩. علي أ. فياص، مقارنة نقدية بين التجربتين التفاوضتين الفيتنامية والفلسطينية، مجلة الدراسات الفلسطينية، المجلد١٢،العدد٤٨(خريف٢٠٠١).
٤٠. وجيه عفدو علي، التعدديه السياسية دراسة في المفهوم والاليات، مجلة جامعة دهوک، مجلد:٢١، العدد:٢،(العلوم الانسانية والاجتماعية)، ٢٠١٨.

**پێنجەم/ چاوپێکەوتن**

١١. چاوپێکەوتن لەگەڵ ئاسۆعەلى،سلێمانى،٢٠٢٢/٦/٤،کاتژمێر ١٠ى سەرلەبەیانى .

**شەشەم/پێگەی ئەلکترۆنی**

٤١. د. محمدمحمد ابراهيم، السياسات العامة على مستوى المؤسسة مفهوم السياسات و اهميتها، ١٣/ماى/٢٠٢٠، https//almerja.com

DOI: http://dx.doi.org/10.25098/8.2.9

Distributed under the terms and conditions of the License 4.0 (CC BY-NC-ND 4.0)